ژمارە:٥٤
تیراژ:٢٠٠٠
دینار:٥٠٠
١٦ی تشرینی یەکەمی ٢٠١٩

# تەبا

لەگەڵ ئێوە بۆ ئێوە



# بیرکردنەوەی پارتە سیاسییەکانی تورکمان لە کەرکوک بەر لە هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی پارێزگاکان چییە؟

## تێڕوانینی پارتەکانی تورکمان بۆ دروستکردنی هاوپەیمانێتی چییە؟

ئەنوەر بایراقدار، سەرۆکی پارتی عەدالەتی تورکمانی عێراقی

یەکگرتنی نەتەوەکانی تر و پێکهێنانی لیستێکی هاوبەش پرسێکە بۆ رکابەرایەتیکردنی تورکمان

هیشام بایراقدار، سەرۆکی لقی بەرەی تورکمانی لە کەرکوک

سەردانی هەموو پارتە سیاسییەکانمان کردووە و دڵنیاین لەوەی کە لیستێکی هاوبەش پێکدێنین

ل٢



## "لەسەدا ٩٠ی ڕووداوەکانی کوشتن لەسەر کێشەی نامووسە"

ل٥



## "پێویستە ئەو پۆستانەی بە پێکهاتەکان دەدرێت وەکو مەکرومە پێیان نەدرێت، وەکو ماف پێیان بدرێت"

ل٧

عەدنان عوسمان رایگەیاند، "حکوومەتی نوێی هەرێم جیاوازییەکەی ئەوەیە لەگەڵ حکوومەتەکانی پێشوو کە بەرنامەی چڕ و پڕی هەیە".

لە چاوپێککەوتنێکدا لەگەڵ هەفتەنامە و پۆرتاڵی تەبا، عەدنان عوسمان، ئەندامی خانەی راپەڕاندنی بزوتنەوەی گۆڕان وەڵامی پرسیارەکانی رۆژەڤی دایەوە.



ل٤

## فەوزی ئەکرەم: تورکمان بەشداری نەکرد لە خۆپیشاندانەکان

لەو چەند هەفتەیەی پێشوودا لە بەغداد و شارەکانی تری باشووری عێراق بەهۆی، "بێکاری، کەمی خزمەتگوزاری و گەندەڵی" چەندین خۆپیشاندان ئەنجام دران. لە خۆپیشاندانەکان زیاتر لە ١١٠ کەس گیانیان لەدەستدا و لە ٦ هەزار کەس زیاتر برینداربوون.

وتەبێژی خۆپیشادەرەکان لەگەڵ هەریەک لە سەرۆککۆمار، سەرۆکوەزیران، سەرۆکی پەرلەمان، وەزارەتی ناوەخۆ و بەرپرسانی مافەکانی مرۆڤ چەند دیدار و کۆبوونەوەیەکیان ئەنجامدا و داواکارییەکانی خۆپیشاندەرانیان خستەڕوو.

## کاراچای: ئۆپەراسیۆنی کانی ئاشتی لەدژی کورد نییە

ل٦





## کلدۆ رەمزی هورمز: مێژووی عەنکاوە بۆ ٣٥٠٠ ساڵ بەر لە زایین دەگەڕێتەوە

ل٣

زۆرێک لە ئێمە ئاشنایە بە شارۆچکەی عەنکاوە کە دەکەوێتە بەشی باکووری شاری هەولێر(ئەربیل) و تەنها ٥ کیلۆمەتر لە چەقی ئەو شارەوە دوورە کە قەڵای دێرینی هەولێر(ئەربیل)ە.

ئەو شارۆچکەیە یاخود کەرتە بە ناوەندی یاخود نیشتینگەی کریستیانەکان یاخود مەسیحییەکان دادەندرێت کە بەشێکن لە پێکهاتە رەسەنەکانی عێراق.

هەروەها مەسیحییەکان لە زۆرێک لە ناوچەکانی دیکەی عێراقیش دەژین لەوانەش عەنکاوە، مووسڵ، کەرکوک، شەقلاوە، بەغداد و زۆر ناوچەی دیکە.

## هەڵسەنگاندنی هەڵبژاردنەکانی ئەنجوومەنی پارێزگاکانی عێراق لە ئیستانبوڵەوە





کۆمەڵەی تورکەکانی عێراق کە ناوەندەکەی لە ئیستانبوڵە، سمینارێکی لە ژێر ناونیشانی "هەڵبژاردنەکانی پارێزگاکان لە تورکمانئێلی و گرنگییەکانی" رێکخست.

محەمەد جاسم ئەغائۆغڵو، راوێژکاری سیاسی بزووتنەوەی نەتەوەیی تورکمان وەکو قسەکەر بەشداری لە سمینارەکە کرد.

کەمال بەیاتلی، سەرۆکی گشتی کۆمەڵەی تورکەکانی عێراق لە میانی سمینارەکەدا، دوای ئاماژەدان بە گرنگی هەڵبژاردنەکانی عێراق، باسی لەوە کرد کە هەڵبژاردنەکانی ئەنجوومەنی پارێزگاکانی عێراق مانگی نیسانی ٢٠٢٠ گرنگییەکی تایبەتیان هەیە.

## ئاورێک بۆ رابردوو لەگەڵ وەستا سەلام

ل٥



## حوسام حەسرەت هەوادارانی نیگەران کرد

ل٨

حوسام حەسرەت، نوسەری بەناوبانگی ئەدەبیاتی تورکمانی لە ئەنقەرەی پایتەختی تورکیا نەشتەرگەرییەکی گەورەی ئەنجام دا.



# بیرکردنەوەی پارتە سیاسییەکانی تورکمان لە کەرکوک بەر لە هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی پارێزگاکان چییە؟

## تێڕوانینی پارتەکانی تورکمان بۆ دروستکردنی هاوپەیمانێتی چییە؟

فۆتۆ: عبدولسه لام هیشام / هەواڵ: عەلی عەنتەر

لە بەرواری ٢٢ی تەممووزی ٢٠١٩ بڕیاردرا هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی پارێزگاکان لە ١ی نیسانی ساڵی ٢٠٢٠ ئەنجام بدرێت.

چەند مانگێکی دیاریکراو ماوە بۆ هەڵبژاردن و پارتە سیاسییەکان لە جووڵە دان بۆ بەدەستهێنانی دەنگی خەڵک و ئەم شڵەژانە لە کەرکوک-یش هەیە کە بە هەستیارترین ناوچەی عێراق دادەندرێت.



پارتە کوردییەکان بڕیاریاندا بە یەک لیست بەشداری لە هەڵبژاردنی خۆجێیی بکەن. لە بری ئەمە باس لەوە دەکرێت کە تورکمان و عەرەبەکانیش لە هەوڵی دروستکردنی لیستێکی تایبەت بەخۆیانن. واتە پارتە تورکمان و عەرەبەکان بە یەک لیست بەشداری دەکەن.

لەو بارەیەوە ئەنوەر بایراقدار، سەرۆکی پارتی عەدالەتی تورکمانی عێراقی رایگەیاند کە هەڵبژاردنی کەرکوک گرنگە بۆ تورکمان و وتیشی، "هەڵبژاردنەکانی کەرکوک بۆ ئێمە زۆر گرنگە. بێگومان یەک لیست بوونی نەتەوەکانی دیکە بابەتێکی تایبەتە بە رکابەریی نێوانیان. لایەنەکانی دیکە سەرجەم کێشە و دووبەرەکییەکانیان بەلاوە ناوە و لیستێکیان درووست کردووە و باوەڕیان وایە کە لە کەرکوک خاوەنی دەسەڵات دەبن. بەپێی یاسای کۆمیسیۆنی هەڵبژاردن هەر لایەنێکی سیاسی بتوانێت زۆرینەی دەنگی ئەنجوومەنی پارێزگا بەدەستبهێنێت، ئەو پارێزگار هەڵدەبژێرێت. بۆیە لایەنەکانی دیکەش لەهەوڵی ئەوەدان زۆرترین دەنگ کۆبکەنەوە بۆ ئەوەی پۆستی پارێزگار بەدەستبهێنن".

ئەنوەر بایراقدار تیشکی خستە سەر کاریگەریی یەک لیست بوونی لایەنە سیاسییەکانی دیکە لەسەر خەڵک و وتی، "ئەمەیان راگرتنی ورەی خەڵکە. هاوکات ئەمەیان دەرفەتێکە بۆ ئەو هاووڵاتییانە کە پێشووتر لە پارتەکان زویر بوون و دووبارە دەیانهێننەوە سەر سەندوقەکانی دەنگدان".

**ناوبراو وتیشی، "گەر سەیری پێکهاتەی کورد بکەین ئەوا بۆمان دەردەکەوێت کە سەرۆکی لیستەکەیان کەسێکی سەربەخۆیە کە عەبدولرەحمان مستەفا-ی پارێزگاری پێشووی کەرکوکە. خەڵک خۆشیان دەوێت و ماوەیەکی درێژ پۆستی پارێزگاری بەڕێوەبردووە. کەسێکی ساغڵەم و لەلایەن خەڵکەوە خۆشەویستە. نەک تەنها لەلایەن کورد، بەڵکو لەلایەن تورکمان و عەرەبیش کەسێکی سەنگینە و ڕێزی دەگیرێت. لایەنەکانی دیکەش لەهەوڵی ئەوەدان کەسێکی وەکو ئەم زاتە بدۆزنەوە بۆ سەرۆکایەتی لیستەکانیان، هەڵبژاردنی ئەو زاتە نموونەیەکی دیارە".**

هاوکات سەرۆکی پارتی عەدالەتی تورکمانی عێراقی دەربارەی یەک لیست بوونی کورد لە کەرکوک وتی، "٩ پارتی سیاسی بە یەک لیست بەشداری لە هەڵبژاردنەکان دەکەن. هەندێک لەو ٩ پارتە سیاسییانە هیچ قاعیدەیەکیان لە کەرکوک نییە بەڵام ئەوان بەشدارییان کردووە. بێگومان یەک لیست بوونیان تەنها لە کەرکوک نییە بەڵکو لە سەرجەم ناوچە کێشە لەسەرەکانە. بۆیە ئەم هەڵبژاردنە زۆر گرنگە".

بایراقدار لەبارەی گرنگی هەڵبژاردنەکان بۆ تورکمان وتی، "هەڵبژاردنەکە بۆ ئێمەی تورکمان لەوان گرنگترە و گرنگی زیاتر لەخۆدەگرێت چونکە ئێمە هەمیشە باس لەوە دەکەین کە خاوەنی کەرکوکین. ئێمە خاوەنی راستەقینەی کەرکوکین. بۆ سەلماندنی ئەمە پێویستە لە هەڵبژاردنەکاندا سەرکەوتوو بین و کورسی ئەنجوومەن بەرینەوە، ئەمەیان چۆن دەبێت؟ پێویستە خەڵک بڕژێنە سەر سەندوقەکان و کورسی بەدەستبێنین. بێگومان ئەمە بە بەشداریکردنی خەڵکی ئێمە بە چڕی دەبێت".

لەلایەکی دیکەوە بایراقدار تیشکی خستە سەر داواکاریی تورکمان لە پارتە سیاسییەکان و وتی، "خەڵکی ئێمە لە سۆشیال میدیا و نێوەندەکانی دیکە دەڵێن، 'گەر یەک لیست نەبێت بەشداری لە هەڵبژاردنەکان ناکەین'. بۆیە دەبێت ئێمە بە یەک لیست بەشداری لە هەڵبژاردنەکان بکەین و دڵی خەڵکەکەمان وەرگرینەوە و سەرکەوتنێکی گەورە بەدەست بهینین. بەو شێوەیە دەتوانین هەبوونی خۆمان لە کەرکوک بسەلمێنێن".

سەرۆکی پارتی عەدالەتی تورکمانی عێراقی ئاماژەی بە هەڵبژاردنەکانی ساڵی ٢٠١٩ دا و وتی، "بەشداریکردنمان لە لیستی بەرەی کەرکوک ئەزموونێکی گەورە و سەرکەوتووبوو. ئەو هاوپەیمانێتییە سەرکەوتنێکی گەورەی تۆمارکرد. وا باشترە سەیری ئەنجامی ئەو هەڵبژاردنە نەکەین چونکە لە راستید ئێمە ٣ کورسیمان بەدەستنەهێنا. ئەمەیان چیرۆکێکی درێژە و چەندین ساختەکاریی تێدا ئەنجامدرا گەلەکەمان بۆ ماوەی ٢٨ رۆژ پارێزگارییان لە سندوقی دەنگدان کرد چونکە دەنگی ئێمە لەو سەندوقانەبوو. گەر بێت و دەنگە راستەقینەکان هەژمار بکرێت، ٥ کورسیمان بەدەست دەهێنا، بەڵام دوای ئەنجامدانی ساختەکارییەکان ژمارەی کورسییەکانمان بۆ ٣ کورسی کەم بووەوە".

**بایراقدار وتیشی، "نەتەوە یەکگرتووەکان لە راپۆرتەکانیاندا رایانگەیاند کە ساختەکاریی لە هەڵبژاردنەکان کراوە. هەروەها یەکێتی ئەورووپاش بەهەمان شێوە رایگەیاند کە ساختەکاریی تێدایە، ئەو یارییەی کرا لە ئێمە زۆر گەورەتربوو. ئێمە لە ١٢ کورسی تەنها ٥ کورسیمان بەدەستهێنابوو، هەروەها ئەم سەرکەوتنە بە یەکێتی لایەنەکان هاتەکایەوە. ئەمەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە نەتەوەی تورکمان لە نەتەوەکانی دیکە زیاتر دەنگی دابوو و چوبووە سەر سەندوقەکان. تەنانەت دەتوانین بڵێین کە تورکمان لە سەرانسەری عێراق زۆرترین لایەن بوون کە چوونە سەر سەندوقەکان. هۆکاری ئەمەش بیرکردنەوەی گەلەکەمان بوو و خاوەندارێتییان بۆ ئەم دۆزە. ئەوان تەنها بیر لە دۆزەکە دەکەنەوە و بیر لە کەس و لیستەکان ناکەنەوە. بێگومان ئەمە بۆ کەرکوک دەکەن، دووبارەی دەیڵێمەوە ساختەکارییەکی گەورە لە هەڵبژاردنەکان روویدا و هەموو کەسێکیش شایەتی ئەوە دەدەن".**

سەرۆکی پارتی عەدالەتی تورکمانی عێراقی رایگەیاند کە دەیانەوێت ئەم سەرکەوتنە دووبارە بکەنەوە و وتی، "دەمانەوێت ئەم ئەزموونە گەورەتر بکەین و دووبارەی بکەینەوە چونکە ئەم هەڵبژاردنە بۆ ئێمە زۆر گرنگە. ئەمڕۆ هەموو لایەنەکان بەشداری لە هەڵبژاردنەکان دەکەن و پەرلەمانتاری خۆیان بۆ ئەوێ دەنێرن. لەوێ کاری گەورە دەکەن بەڵام بەبۆچوونی من ئەرکی ئەندامانی ئەنجوومەنی پارێزگای کەرکوک سەخت و قورسترە. ئەوان ئەرکی گەورە بەڕێوەدەبەن چونکە بنیاتنان و داهاتوو و دامەزراندن هەر هەموویان لە ئەنجوومەنی پارێزگای کەرکوک دەردەچێت. بۆ ئەوەی بتوانین بەشداریی لەسەدا ٣٢ بین لە کەرکوک پێویستە ٤ کورسی بەدەستبهێنین لە ئەنجوومەنی پارێزگا، بۆیە دەبێت بە یەک لیست بەشداریی بکەین".

ناوبراو رایگەیاند کە پێشووتر بۆ دروستکردنی لیستی هاوبەش کۆبوونەتەوە و وتی، "پێشووتر لە ٥ی ئایار لە نێو بارەگای پارتی قەرار کۆبوونەوەیەکمان ئەنجامدا. لەو کۆبوونەوەیەدا هەریەکە لە بەری تورکمانی عێراقی، پارتی قەرار، بزووتنەوەی نەتەوەیی تورکمان، پارتی عەدالەت، پارتی تورکمەنئێلی، یەکێتی ئیسلامی تورکمانی و بزووتنەوەی وەفا بەشدارییان کرد. لە راستیدا تەوەری سەرەکی کۆبوونەوەکە رۆژەڤی کەرکوک بوو بەڵام بابەتی هەڵبژاردنەکانی کەرکوکیش خرایە ناو کۆبوونەوەکە. لەو کۆبوونەوەیەدا بە رێککەوتنێک دەرچووین و هەر ٧ پارتەکە بڕیاریاندا ئەزموونەکە دووبارە بکەنەوە. واتە هەموو لایەنەکان رەزامەندییان دەربڕی سەبارەت بە بەشداریکردنی لایەنەکان بە یەک لیست و بڕیاردرا بە ئەنجامدانی کۆبوونەوەی دیکە بۆ ناوەڕۆکی بابەتەکە".

بایراقدار رایگەیاند کە لە کۆبوونەوەکانی داهاتوو بابەتی زیاتر دەخرێنە بەرباس و وتی، "لە کۆبوونەوەکانی داهاتوودا بابەتەکانی بەشداریکردنی پارتە سیاسییەکان، سەرۆکی لیستەکە، ناوی لیستەکە و هەموو ئەو بابەتانە دەخرێنە بەرباس و گفتوگۆی لەسەر دەکرێت. بەو شێوەیەش لایەنەکان رێکدەکەون و لیستێک درووست دەکەن. کۆبوونەوەی دووەم ئەنجام نەدراوە بەڵام سیمینارێک لەلایەن پارتی قەرار کرا و لەوێ چەندین کەسایەتی و پارتە سیاسییەکان بەشدارییان کرد. ئێمە دەمانزانی کە ئەم ماوەیە تەنها بە ٥ی تشرینی یەکەم تەواو نابێت و بەڵکو درێژدەکرێتەوە. بەو هۆیەوە پەلەمان لە ئەنجامدانی کۆبوونەوە نەکرد. لەئێستادا کاتمان هەیە تا٢٠ی تشرینی یەکەم پشت بە خودا دادەنیشین و لە سەرجەم بابەتەکاندا رێکدەکەوین و لیستێکی باش ئامادە دەکەین. ئێمە ئامادەین ئەو کارە بکەین، هەمیشە هەوڵ دەدەین بەیەک لیست بەشداری هەڵبژاردنەکان بکەین".



لەکۆتایی قسەکانیدا ئەنوەر بایراقدار، سەرۆکی پارتی عەدالەتی تورکمانی عێراقی رایگەیاند، "لەکۆتاییدا دەمەوێت ئەوە بڵێم بەشداریکردنمان تەنها بەیەک لیست گرنگ نییە، بەڵکو دەبێت گرنگی بە هەر خاڵێک بدەین کە دەبێتە هۆی چوونی خەڵک بۆ سەر سەندوقەکان و بەشداریکردنییان لە هەڵبژاردن. بۆیە ئێمە لە هەڵبژاردنەکانی رابردوو ئەزمونێکمان هەیە، بۆ نموونە لە هەڵبژاردنەکەی رابردوو مافی ئەوەمان هەبوو ٢٤ کەس بپاڵێوین بەڵام ئێمە تەنها ١٨ کەسمان پاڵاوت و کاندید کرد. واتە لە کۆی گشتی ٦ کاندیدمان نەبوو و شوێنەکەیان بەتاڵبوو، گەر ئێمە بمانتوانیبا ٦ کەسەکەش کاندید بکەین، ئەوانیش هەریەکە و ١٠٠ کەسیان کۆکردباوە ئەوە بێگومان ژمارەیەکی باش دەبوو بۆ ئێمە. ئاشکرایە لە هەڵبژاردنەکان تەنها یەک دەنگیش زۆر گرنگە. هەندێکجار بەهۆی ١٠٠ دەنگەوە کورسییەک لەدەست دەدەیت. دەبێت هەمان هەڵە لەم هەڵبژاردنە دووبارە نەکەینەوە. مافمان چەندە پێویستە ئەوەندە کەسە کاندید بکەین. لاوازترین کاندیدمان تەنها ١٠٠ دەنگیشی هێنا ئەمە بۆ ئێمە گرنگە. لەلایەکی دیکەوە دەبێت ئاوڕێک لە خەڵک بدەینەوە و بزانین ئاخۆ ئەوان چییان دەوێت. لەکاتی دەستنیشانکردنی کاندیدەکان دەبێت ئەو کەسانە هەڵبژێرین کە لەلایەن خەڵکەوە خۆشەویستن نەوەک ناسراو. هەندێک کەس هەیە هەمیشە لە تەلەفزیۆنەکان دەردەچن و هەموو کەسێک دەیناسێت، بەڵام لەوانەیە خەڵک دەنگیان پێنەدات. لەلایەکی دیکەوە گەر کەسێک کاندید بکەین کە لەلایەن خەڵکەوە خۆشەویستە، بێگومان ئەو کاندیدە دەنگ بەدەست دەهێنێت".

لەلایەکی دیکەوە هیشام بایراقدار، سەرۆکی لقی بەرەی تورکمانی لە کەرکوک دەربارەی بابەتەکە بۆ تەبا دوا و ئەو وتی، "ئێمە وەکو ریکخستنەکانی بەرەی تورکمانی عێراقی دەمانەوێت وەکو دامەزراوەیەک باشترین خزمەتگوزاری پێشکەشی گەلی تورکمان بکەین. گەیاندنی خەڵک بە خۆشگوزەرانی ئامانجمانە و دەمانەوێت باشترین خزمەت پێشکەشی هاووڵاتییانمان بکەین. بۆ ئەم مەبەستەش دەبێت کار بکەین بەدەر لە توانای خۆمان و کەسانێک بنێرینە ئەنجوومەنی پارێزگا، ئێمە چەند بتوانین کاندیدی زۆر پێشکەش بکەین، ئەو گرووپەی کە بەرگریمان لێدەکەن زیاتر دەبن، واتە چەند کەسی زۆرتر بنێرین ئەوەندەی دیکە هێزەکەمان زیاد دەکات".

هاوکات هیشام بایراقدار دەڵێت، "لە سیاسەت شتێک هەیە، کوتلەیەک چەند گەورەبێت ویستی خەڵک بۆی هێندە زیاتر دەبێت و زیاتر دەتوانێت دەسەڵات بەدەستەوە بگرێت. گەر بە تەنها کار بکەیت ئەوکات تەنها دەتوانیت کەسێک بۆ ئەوێ بنێریت، بەڵام گەر بەیەکەوە لەگەڵ دۆستان و براکان سەرجەم دامودەزگاکان یەکبگرین ئەوکات زیاتر لە یەک کەس دەنێرینە ئەنجوومەن".

بایراقدار لەبارەی تێڕوانینی بەرەی تورکمانی بە هەڵبژاردنی لە یەک لیست وتی، "بەرەی تورکمانی عێراقی تاوەکو ئەمڕۆ کاری کردووە بۆ

کۆکردنەوەی خەڵک و بۆ ئەم مەبەستەش جەنگاوە و ئەوەی لەدەستی بێت کردوویەتی، هەمیشە هەوڵی داوە خەڵک بە باشی پێبگات و هەوڵی داوە خزمەتی بکات. بەڵام هەرگیز ئەمە نابێتە هۆی لادانی بەرەی تورکمانی لە هەڵوێست و بنەماکانی، لە راستیدا لەنێو سیاسەت بەگوێرەی قەبارە و رێکخستن یەکانییەوە مامەڵەی لەگەڵ دەکرێت".

ئەو وتیشی، **"ئێمە چەندین پارتی تورکمانیمان هەیە، خودا لەهەموویان رازی بێت بەڵام کامەیان لە رووی هاوسەنگییەوە وەکو بەرەی تورکمانی عێراقین؟ کامەیان خاوەن جەماوەرن وەکو بەرە، دەبێت ئەم پرسیارانە بکەین. لەلایەکی دیکەوە ئامانجی بەرەی تورکمانی یەکێتی و پێکەوەبوونە. ئێمە دەمانەوێت هەموو لایەنەکان بەشدار بن. بەرەی تورکمانی عێراقی لە هەوڵدایە بۆ دروستکردنی ئەو یەکێتی و پێکەوەبوونە. هیچ کاتێک ئێمە لایەنێکمان ئاراستە نەکردووە بۆ دەرچوون لە بەرە، هەرکەسێک لەسەر ئیرادەی خۆی دەرچووە یاخود هاتووە، بەڵام ئێمە لەسەر تواناکانی خۆمان لەگەڵ هەموو لایەنێک هەماهەنگیی و هاوکاریی دەکەین و چالاکییەکانیشمان بەڕێوە دەبەین. وەکو هەموو کات باسی لەسەر دەکەین، خۆزگە هەموو لایەنەکان لەژێر چەترێک کۆببنەوە، ئەو چەترەش بەرەی تورکمانی عێراقییە. لە چاوی گەلیشمانەوە بەرەی تورکمانی عێراقی نوێنەر و پارتی سیاسیی تورکمانە. بێگومان رێزمان بۆ ئەوانی دیکەش هەیە، گەورەترین پارتی سیاسی تورکمانی، بەرەی تورکمانی عێراقییە".**

بایراقدار تیشکی خستە سەر هەڵبژاردنەکانی ساڵی ٢٠١٩ و وتی، "گەر سەرنج بدەن لە یەکەم هەڵبژاردن توانیمان یەک کورسی بەدەستبهێنین، لە دووەم هەڵبژاردندا کردمان بە ٢، دواتر لە هەڵبژاردنی سێیەم ژمارەی کورسی بۆ ٣ کەس بەرزبووەوە. ئەمە مانای ئەوەیە کە ئێمە بە یەکێتی و پێکەوەبوون بە شێوەیەکی بەهێز دەردەکەوین و پشت بە خودا لەم هەڵبژاردنەشدا لەژێر چەتری بەرەی تورکمانی عێراقی بەشداری دەکەین و ئەنجامی باشتر بەدەست دەهێنین. سەردانی سەرجەم پارتە سیاسییەکانمان کرد و دڵنیایین لەوەی کە دەتوانین لیستێکی هاوبەش پێکبهێنین. هەموو لایەنەکان ئەمەیان دەوێت، چونکە هێز لە یەکێتی دایە".

ناوبراو لەبارەی هاوپەیمانێتییەکانەوە رایگەیاند کە لە ئێستادا هاوپەیمانێتییەک هەیە و وتیشی، "هاوپەیمانێتییەکان هەیە و بۆچوونەکانمان هەن، بەڵام خۆتان دەزانن لە سیاسەت شتەکان دەگۆڕێن، هەنگاوەکانی پارتە سیاسییەکانی دیکە دەبنە ئەنجامی هاوپەیمانێتییەکە، لایەنەکانی دیکە چۆن هەنگاو بنێن تۆش دەبێت بەو پێیە هەنگاو بنێیت. واتە لە سیاسەت تاوەکو دوا خولەک ئەگەری گۆڕانکاری هەیە و ئەوەی گرنگ بێت ئەوەیە کە دەبێت هەمیشە بە گەورەییەوە بێتەوە مەیدان".

لەبارەی پێکنەهێنانی هاوپەیمانی نێوان لایەنەکان بەر لە ٥ی تشرینی یەکەم بایراقدار وتی، "ئێمە پێشووتر ئەگەری درێژکردنەوەمان دەزانی، بۆیە تا ٥ی تشرینی یەکەم رێککەوتنەکانمان کۆتایی نەهێنا،

نەمانویست پەلە بکەین. لەلایەکی دیکەوە ئەمڕۆ گۆڕەپانی سیاسی زۆر جیاوازە و بەر لەو باروودۆخە، دۆخێکی دیکە هەبوو کە جارێ هیچ رێککەوتنێک ئەنجام نەدرابوو، لەئێستا باروودۆخێکی زۆر جیاوازتر لە عێراق لەئارادایە".

لەلایەکی دیکەوە سەرۆکی لقی بەرەی تورکمانی عێراقی لە کەرکوک دەربارەی چاوەڕوانییەکانی بەرەی تورکمانی لە پارتە سیاسییەکانی دیکە وتی:


**"وەکو دەزانن کە پارتەکانی دیکە لە نێو چەتری بەرەی تورکمانییەوە دەرچوونە، هیوامان وایە ئەوانیش بتوانن سیاسەتێکی راست پەیرەو بکەن، هیوادارین لەپێناو بەرژەوەندیی و ماف و بەرگریکردن لە گەلەکەمان سەر بۆ هەندێک شت دانەنوێنن. بەرەی تورکمانی عێراقی زیاتر لە کاندیدەکانی خۆی، کاندیدی لایەنەکانی دیکەی خستە رۆژەڤ. ئینشاڵا ئەوانیش کەشی رێککەوتن دابین دەکەن، داوا دەکەین کاندیدەکانمان خێردار و سوودبەخش بن بۆ گەلەکەمان ئەوەک کار بۆ بەرژەوەندی کەسیی بکەن. پێویستە هەر مرۆڤێک بتوانێت باج بۆ گەلەکەی خۆی بدات".**

لەبەرامبەر پرسیاری پێکهێنانی هاوپەیمانی تورکمان لەگەڵ پێکهاتەکانی دیکە هیشام بایراقدار وتی، "لە سیاسەتدا هەموو شتێک ئەگەری هەیە، بۆ گەیشتن بە ئامانج هەموو شتێک دەگیرێتەبەر. بۆ پاراستنی بەرژەوەندی گەل هەموو شتێک ئاساییە بکرێت".

# حوسام حەسرەت هەوادارانی نیگەران کرد

هەواڵ: تەبا

حوسام حەسرەت، نوسەری بەناوبانگی ئەدەبیاتی تورکمانی لە ئەنقەرەی پایتەختی تورکیا نەشتەرگەرییەکی گەورەی ئەنجام دا.



شاعیری گەورەی هەولێر(ئەربیل) لە چەند مانگی رابردوودا دوای ئەوەی بە شێوەیەکی خێرا کێشی دەستی بە دابەزین کردووە، چووە بۆ پشکنینی تەندروستی. پزیشکان ئەوەیان پێراگەیاندووە کە لەرووی تەندروستییەوە هیچ کێشەیەکی نییە، بەڵام دوای ئەوەی هونەرمەند حەسرەت بۆ دڵنیابوونەوە لە باری تەندروستی خۆی دەچێتە تورکیا، بۆی دەردەکەوێت کە کێشەیەک لە گەدەیدا دروست بووە و پێویستە نەشتەرگەری ئەنجام بدات.

دوای ئەوەی ئامادەکاری پێویستی بۆ ئەنجام درا، حوسام حەسرەت لە نەخۆشخانەیەکی تایبەتی شاری ئەنقەرە نەشتەرگەرییەکی سەرکەوتووی بۆ ئەنجام درا.

بەپێی ئەو زانیارییانەی کە لە پزیشکان و ئەندامانی خێزانی دەستمان کەوتووە، حەسرەت رۆژ لە دوای رۆژ تەندروستی بەرەو باش بوون دەچێت و چاوەڕێی ئەوە دەکرێت کە لە نزیکترین کاتدا باری تەندروستی بگەڕێتەوە دۆخی ئاسایی خۆی.

شایەنی باسە، هەوادار و خۆشەویستانی حوسام حەسرەتی شاعیر لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان ژمارەیەکی زۆر پەیامی هیوای زوو چاکبوونەوەیان بۆ بڵاو کردەوە.

ئێمەش وەکو خێزانی تەبا هیواخوازین کە شاعیر و نوسەری گەورەی تورکمان باری تەندروستی باش بێت و بەردەوام بێت لە سەرکەوتنەکانی لە ژیانی هونەریدا.

**حوسام حەسرەت کێیە؟**

حوسام یاسین عززەددین، ئەندامی خێزانی قەساب کە خێزانێکی بەناوبانگی شاری هەولێر(ئەربیل)ە. لە ساڵی ١٩٥٦ لە گەڕەکی تەکییەی قەڵای هەولێر(ئەربیل) لەدایک بووە. حەسرەت کە دەرچووی ئامادەیی پیشەسازییە، خێزاندارە و باوکی ٣ منداڵە.

حەسرەت لە ساڵی ١٩٧٤ وەکو ئەندامی دامەزرێنەری ئۆجاغی برایەتی تورکمان بووە و ئێستاش لە هەمان ئۆجاغ ئەندامی دەستەی بەڕێوەبردنە.

خولیای حوسام حەسرەت بۆ شیعر و ئەدەبییات هەر لە تەمەنی منداڵییەوە دەست پێدەکات. حەسرەت پێشووتر بەم جۆرە وەسفی ژیانی هونەری خۆی کردووە، "بە دەنگە زوڵاڵەکەی دایکم و خوێندنەوەی قۆریات و لەبیلایە گەورەبووم و بووە هۆی ئەوەی لە تەمەنی منداڵییەوە خولیای ئەدەبیاتم لەلا دروست بێت. هەر شیعرێک کە دەمخوێندەوە، هەر قۆریاتێک کە گوێم بۆ دەگرت و هەر چیرۆکێک کە دەیانگێڕایەوە هەنگاوێکی دیکە لە ئەدەبییات نزیکی دەکردمەوە. ئەو بەهرەیەی کە لەمندا هەبوو، بە خێرایی منی دەخزاندە نێو جیهانی ئەدەبەوە. بەم هۆیەوە ناچاربووم کە پەرە بە بەهرەکەم بدەم. لەبەر ئەوەش بڕوام وابوو کە باشترین رێگە بۆ ئەوە خوێندنەوەیە، هەر چ نووسراوێکی ئەدەبی کە دەستم دەکەوت دەمخوێندەوە".

**حەسرەت دواتر بەم جۆرە بەردەوامی بە قسەکانی دەدات:**

"بەهرەکەم کە رۆژ لەدوای رۆژ پەرەی دەسەند وای کرد کە بەسەر یەکەم پلیکانەی ئەدەبدا سەرکەوم. دەستم کرد بە نووسینی شتانێک کە هاوشێوەی شیعرە بەڵام لەگەڵ یاسا دیارەکانی شیعر ناگونجێت. دوای ماوەیەک کاتێک درکم بەوە کرد، ئەو کتێبانەم خوێندەوە کە تایبەتن بەم بوارە لە سەرەتاوە تا کۆتایی هەمووی فێر بووم".

بەم جۆرە شاعیری بەتوانا حوسام حەسرەت لە دوایین مانگەکانی ساڵی ١٩٧٣ دەستی کرد بە نووسینی شیعر.

ئەو هونەرمەندە بە ئەزموونە، بەوە ناسراوە کە شارەزایە لە گشت جۆرەکانی قۆریات، دەڵێت، "ئەو خۆشەویستییەی کە گەلی تورکمان بەرامبەر بە قۆریات هەیانبوو، بووە پاڵنەرێک بۆ ئەوەی قۆریات بنووسم. لە ساڵی ١٩٧٥ەوە تا ئێستا لە قوڵایی دەریای ئەدەبیاتدا وەکو پیاوێکی ژێر دەریا بەدوای مرواری قۆریاتدا دەگەڕێم".

حەسرەت کە ماوەی ١٠ ساڵە قۆریات و شیعر

دەنووسی، هیچ کام لە نووسینەکانی لە هیچ شوێنێک بڵاو ناکاتەوە. بەڵام لەبارەی هۆکاری بڵاونەکردنەوەییەوە ئاماژە بەوەدەدات کە نازانێت بۆچی ئەم کارەی ئەنجام داوە.

لە ساڵی ١٩٨٤ەوە لەگەڵ دەرچوونی گۆڤاری قارداشلق و بیرلیک سەسی لە بەغداد و لە رۆژنامەی یورت دەست دەکات بە بڵاوکردنەوەی بەرهەمەکانی بە شێوەیەکی بەردەوام.

دوای راپەڕینی ساڵی ١٩٩١ لەو ناوچە ئارامەی کە پێکهێندرا کەشێکی فراوانتر، کراوەتر و ئازادتر بۆ ئەدیبەکان رەخسێندرا. حەسرەت ئەو هەلەی بە باشی قۆزیوەتەوە.

لە روونکردنەوەیەکی دیکەدا بەم جۆرە باس لەو سەردەمە دەکات و دەڵێت، "لەو سەردەمەدا منیش هەوڵمدا میللەتەکەم هۆشیار بکەمەوە بە نووسین، شیعر و قۆریاتەکانم بۆ ئەوەی درک بە مافە شەرعییەکانی نەتەوەی تورکمان بکەن. لە هەمان کاتدا سەرنووسەری رۆژنامەی تورکمان ئێلی بووم بۆ ماوەی ٣ ساڵ کە لە هەولێر(ئەربیل) چاپ دەکرا. لەو رۆژنامەیەی کە باسم کرد لە گۆشەی "زمانی نووسینەکان" نووسینەکانی خۆم بڵاو دەکردەوە. لە هەمانکاتدا لە رۆژنامە و گۆڤارەکانی دیکە کە لە هەولێر(ئەربیل) دەردەچوون؛ (ئەلکو جان، ساغ ئێر، ئەردەم و گۆرکەم) بە نازناوێکی دیکە نووسین، شیعر و قۆریاتم بڵاو دەکردەوە".

ئەو شاعیرە گەورەیە لە پاڵ ئەو ژمارە زۆرەی کتێبی شیعر و قۆریات کە دەریکردوون، ژمارەیەکی زۆر کتێبی دارشتووە و چەندین کتێبی لە زمانەکانی دیکەوە وەرگێڕاوەتە سەر زمانی تورکی.



# فەوزی ئەکرەم: تورکمان بەشداری نەکرد لە خۆپیشاندانەکان

هەواڵ: ئەیمەن ئەربیل ئۆغلۆ

لەو چەند هەفتەیەی پێشوودا لە بەغداد و شارەکانی تری باشووری عێراق بەهۆی، "بێکاری، کەمی خزمەتگوزاری و گەندەڵی" چەندین خۆپیشاندان ئەنجام دران. لە خۆپیشاندانەکان زیاتر لە ١١٠ کەس گیانیان لەدەستدا و لە ٦ هەزار کەس زیاتر برینداربوون.

وتەبێژی خۆپیشادەرەکان لەگەڵ هەریەک لە سەرۆککۆمار، سەرۆکوەزیران، سەرۆکی پەرلەمان، وەزارەتی ناوەخۆ و بەرپرسانی مافەکانی مرۆڤ چەند دیدار و کۆبوونەوەیەکیان ئەنجامدا و داواکارییەکانی خۆپیشاندەرانیان خستەڕوو.

هاوکات بەرپرسانی حکوومەت لە بارەی داواکارییەکانی خۆپیشادەران چەندین بەڵێنیان دا.

خۆپیشاندانەکانی دژی حکوومەت بەهۆی مەراسیمەکانی چلەوە کە لە ٨ی تشرینی یەکەممەوە راگیراوە بەڵام بۆ داواکارییەکانیان کە پێکهاتووە لە "باشتربوونی خزمەتگوزارییەکان، دۆزینەوەی کار و کەمکردنەوەی ڕێژەی بێکاری، لێپێچینەوە لە گەندەڵکاران" لە دوای ئەم یادە لە لایەن چالاکوانانەوە بانگەشەی ئەوە دەکرێت کە دووبارە خۆپیشاندانەکان دەستپێدەکەنەوە.

فەوزی ئەکرەم سیاسەتمەداری تورکمان، لە بارەی بەڕێوەچوونی ئەم خۆپیشاندانانە و ئەو هەنگاوانەی کە دواتر نراون هەروەها کاردانەوەی تورکمان لە هەمبەر خۆپیشاندانەکان هەڵسەنگاندنی کرد و بۆ هەفتەنامەی تەبا دوا.

## لەو خۆپیشاندانانەی کە لە بەغداد و شارەکانی تری باشوور ئەنجامدرا، ئەو خەڵکەی کە لە گۆڕەپانەکە بوون چ پەیامێکیان گەیاند؟

ئەو خۆپیشاندانانەی کە ئەنجامدران بۆ یەکەم جار نییە. پێشووتریش ئەم جۆرە خۆپیشاندانانە ئەنجامدراون. پارتی کۆمۆنیستی عیبرانییەکان، گرووپی سەدر هەموو هەینییەک دوای نوێژی نیوەڕۆ دەستیان بە خۆپیشاندان دەکرد. بەڵام ئەم خۆپیشاندانەی ئەم جارە بەشێوەیەکی ترە و جیاوازییەکی زۆری هەیە لەگەڵ ئەوانی پێشوو. لە پشت ئەم خۆپیشاندانە چەندین دەوڵەت هەن، لەسەرووی هەموویان ئەمریکا، لە هەمان کاتدا سعوودیە و ئیماراتیش پشتگیری لەم خۆپیشاندانانە کردووە. لە ١٤ پارێزگا لە ناکاو، لەهەمان کاتدا و بەیەک داواکاری ئەنجامدانی خۆپیشاندانێکی لەم جۆرە کارێکی ئاسان نییە. بەڵی لە نێویاندا گەنجانی بێکار هەبوون یان ئەوانەی کە کاریان نەدۆزیوەتەوە و مرۆڤی بێماڵ و حاڵیش لەم خۆپیشاندانە هەبووە. دەتوانین بڵێین کە برسییەکان شۆڕشن. لە پشت ئەمانەوە چەند دەوڵەتێک هەیە. ئەم یارییەشیان بۆ ئەوە ئەنجامدا تاوەکو بارودۆخی سیاسی عێراق بە بێهێز نیشان بدەن و عێراقیش بە لاواز نیشانبدەن.

پەیامی ئەوەیان بە دەوڵەت راگەیاند کە کۆتایی بە بێکاری بهێنرێت، دووبارە کارگەکان بەکاربخرێنەوە، گرینگی بدرێت بە کەرتی کشتوکاڵ و دەرچوانی زانکۆش دابمەزرێن.

## حکوومەتی سەرۆکوەزیران عادل عەبدولمەهدی دوای خۆپیشاندانەکان بەڵێنێکی زۆریان بە خۆپیشاندەران دا. بە بۆچوونی ئێوە بەڵێنەکانیان دەگەیەننە جێگای خۆیان؟

سەرۆکایەتی وەزیران، سەرۆکایەتی کۆمار و سەرۆکایەتی پەرلەمان زۆر بەڵێنیان داوە. بۆ بەجێهێنانی ئەم بەڵێنانەش پێویستە بە شێوەیەکی



جددی کاری لەسەر بکەن. ئەو کەسانەی کە لە وەزارەتی ناوەخۆ و وەزارەتی بەرگری لە کارەکانیان دوورخراونەتەوە دووبارە بگەڕێنەوە سەر ئەرک و کارەکانیان، وەکو ئەرکێک لەسەر کابینەی حکوومەتی عادل عەبدولمەهدی پێویستە لەسەریان دەرچووان دابمەزرێین و دووبارە کارگەکان وەگەڕبخنەوە، لە وەزارەتی کاری کۆمەڵایەتی بۆ ئەو کەسانەی بێکارن پێوستە بە لایەنی کەمەوە مووچەی ٣ مانگیان پێبدرێت و دواتر کاریان بۆ بدۆزرێتەوە، لە سەردەمی سەددام حوسێن هەندێک کارگە هەبوون کە لەکار خراون، کارگەی تەلەفیزیۆن و رادیۆ هەبوون پێویستە ئەمانە دووبارە بەکار بخرێنەوە و گەنجەکانمان لەم کارگانە دەست بەکاربن. هەروەها دابەش کردنی زەوی بەسەر هاووڵاتیاندا بۆ ئەوەی بەردەوامی بە ژیانیان بدەن یەکێکە لەو بەڵێنانەی کە دراوە.

لە وەزارەتی بەرگری ئەو ١٩٧٠ سەربازەی کە لە کارەکانیان دوورخرانەوە دووبارە گەرێندرانەوە سەر ئەرکەکانیان. یەک بە یەک لەو بەڵێنانەی کە دراوە بەرەو پێشەوە دەچێت و بەردەوام دەبێت.لێرەدا رێکخراوەکانی کۆمەڵگای سڤیل بە بەردەوامی لەگەڵ حکوومەت لە پەیوەندیدان و کوبوونەوە ئەنجام دەدەن. وتەبێژی خۆپیشاندەرەکان لەگەڵ هەریەک لە سەرۆککۆمار، سەرۆکوەزیران، سەرۆکی پەرلەمان، وەزارەتی ناوەخۆ و بەرپرسانی مافەکانی مرۆڤ چەند دیدار و کۆبوونەوەیەکیان ئەنجامدا و داواکارییەکانی بەشێوەیەکی جددی خستەڕوو.

حکوومەتەکەی عەبدولمەهدی هێواش هێواش کار دەکات بۆ ئەوەی ئەو داواکارییانە بگەیێنێتە جێ. بەڵام ئەوە لە راستیدا پێویستی بە شۆڕشێکە. بۆ نموونە هەڵبژاردنەکانی شار و شارۆچکەکان سڕکرا. بەمشێوەیە بڕیارێکی جددی دراوە.

## بەبۆچوونی ئێوە حکوومەتەکەی عەبدولمەهدی بۆ ئەوەی سەرکەوتوو بێت پێویستە چ جۆرە هەنگاوێک بنێت، چونکە ئەو بەڵێنانەی داویەتی وا دەبنرێت خەڵکیان دڵنیا کردبێتەوە؟

سەرۆکوەزیران عادل عەبدولمەهدی بەڕاستی فشارێکی زۆری لەسەرە. بۆ نموونە ئەم حکوومەتە ماوەی ساڵێک و ١١ رۆژە دامەزراوە. تاوەکو ئێستا وەزیری پەروەردەی نییە. بەداخەوە میلۆنان قوتابی دەستیان بە خوێندن کرد کەچی وەزیر بوونی نییە. لە هەمان کاتدا وەزیری تەندروستیش نییە. ماوەی ساڵێکە بارودۆخەکە بەم شێوەیە. کەچی دەتواندرا لە ماوەی ئەمساڵەدا چەندین پرۆژەی گەورە ئەنجامدرابا.

هەروەها فشار لەسەر عەبدولمەهدی هەیە، لە نێوان پارتەکان و وڵاتانی دراوسێ فشار لەسەر عادل عەبدولمەهدی زیاد دەکەن چونکە عەبدولمەهدی لە پەرلەماندا هیچ ئەندامێکی نییە، پارتێکی نییە، هەروەها بەشداری لە هەڵبژاردن نەکردووە. بۆ ئەوەی هەموو پێکهاتەکان رازی بکەن عەبدولمەهدییان هەڵبژراد. بەمهۆیەشەوە عادل عەبدولمەهدی دەستی گیراوە. سەرەڕای ئەمانەش جا چ وەزارەتی ناوەخو یان وەزرەتەکانی تر هەروەها سەرۆکایەتی کۆمار و سەرۆکایەتی پەرلەمان بۆ ئەوەی ئەم حکوومەتە هەرەس نەهێنێ یارمەتیدەربوون.

## تورکمان لەم بابەتە هیچ کاردانەوەیەکی روونی نیشانەدا. وەکو سیاسەتمەدارێکی بە ئەزموون، تورکمان دەبێت لەکوێی ئەم پێشهاتانەدا بێت؟

لەم خۆپیشاندانەدا بەتەنها تورکمان نەبوو کە بەشداری نەکرد بەڵکو سوننەکانیش هەمان شتیان کرد. لە ئەنبار، فەللوجە، رومادی و موسڵ سوننەکان بەشداریان لە خۆپیشاندانەکان نەکرد. بەتەنها شیعەکان بەشداربوون. هەروەها کوردیش بەشدارییان نەکرد لە خۆپیشاندانەکان. تورکمان دۆزێکی هەیە ئەویش کەرکوک و تورکمان ئێلییە. گەر لەکەرکوک لێکتێنەگەیشتنێک هەبێت و وەکو ئەوەی کە لە بەغداد روویدا کە خۆپیشاندانیان ئەنجامدا راستەوخۆ پێشمەرگە و ئاسایش دێنە نێو کەرکوک. ئەوە بۆ ئێمە یانی لە بەرژەوەندی تورکمان نییە. بەم هۆیەوە بە دەستبەستراوی مانەوە.کاردانەوەیەکی گەورەیان نیشان نەدا. ئارەزوو دەکەم کە حکوومەتی ناوەندی چۆن لە کورد دەڕوانێت بەهەمان شێوە لە تورکمانیش بڕوانێت، حکوومەتی هەرێمیش بە چاوێکی باش سەیری تورکمان بکات. چونکە بوونی تورکمان و جۆگرافیای تورکمان لە لە ناوچووندایە. لەبەرامبەر ئەمەشدا بە بێدەنگی و دەستبەستراوەیی نامێنینەوە. بە هەموو دەنگی خەڵک و ئەو ڕیگایانەی بەگوێرەی دەستوورن لە پێشمان کراوەیە.

# ئامێرێکی نوێ دەردەچێت کە شوێنی کۆمپیوتەرەکانی ئێستا دەگرێتەوە

کۆکراوەی هەواڵ


هەر چەندە ژمارەیان دیاری کراو بێت، لە ئێستادا کۆمپیوتەری کوانتوم هەیە. هەڵبەت لە ئێستادا لێکۆڵەرەوان پەرە بە ئامێرەکان دەدەن بۆ 'کۆمپیوتەری ئەگەری'. ئەم کۆمپیوتەرە ئامێرێکە کە بەکاردێت بۆ پڕکردنەوەی بۆشایی نێوان کۆمپیوتەرەکانی کوانتومی ئۆرجیناڵ و ماک و پیسی-ە ستاندەردەکانی ئێستا کەوا ئێمە بەکاری دەهێنین.

ئەو تایبەتمەندییەی کە کۆمپیوتەرێکی ئەگەری هەیەتی، وێڕای ئەوەی وەکو کۆمپیوتەرێکی کوانتوم کارنەکات بەڵام دەتوانێت وەکو ئەو رەفتار بکات و کێشەکانی کوانتوم چارەسەر بکات. ئامێرەکە بە بەکارهێنانی (پی-بیت)ێک کە تیمی لێکۆڵینەوەکە بە "پوورمان سکیوبیت" ناوزەندی دەکات، ئەم ڕێکارانە ئەنجام دەدات. (کیوبیت واتا: کوانتوم بیت)

پەیوەندی بە بابەتەکە: کوانتوم چییە؟ ئەو زانیارییانەی دەربارەی کوانتوم نازانرێت!

سەرەڕای ئەوەی بیتەکانی ژماردنی کلاسیک دەتوانن قەبارەی ١ یاخود خەزن بکەن، بە یارمەتی یاساکانی ژماردنی کوانتوم ئەگەری هەیە هەنگاوەکانی هاوکات بن. ئەمەش سەبارەت بە هێزی ئەرکەکە بە واتای هەنگاوێکی گەورە دێت. لەوبارەیەوەش یەک پی-بیت تەنها ١ یاخود سفرە، هەڵبەت لە نێوان ئەم دوو حاڵەتەدا دەتوانن بە خێراییێکی ئێجگار زۆر بارەکانیان بگۆڕن.

(پی-بیت)ـەکان لە کاتی گەرمبوونی ژووردا کاردەکەن، بەڵام بۆ کارکردنی کیوبیتەکان بە شێوەیەکی دروست، پێویست بە هەلومەرجی سارد-سوپەر هەیە. لێرەوەش بۆمان ڕووندەبێتەوە کە (پی-بیت)ـەکان وەک کۆمپیوتەرە ئاساییەکان بە گشتی بەئاسانی لەگەڵ ناوەندەکە دەگونجێت.



### بوارە موگناتیسییەکان

سوپرییۆ داتای ئەندازیاری کۆمپیوتەر و کارەبایی لە زانکۆی پوردوێ-ی ئیندیانا ئاماژەی بەوە کرد، "(پی-بیت)ـەکانیش وەک کیوبیتەکان کێشەیان لە بنەڕەتدا هەیە. دەتوانین بڵێین (پی-بیت)ـەکان لە کیوبیتەکان پێکدێن".

لە ئەنجامی لێکۆڵینەوەکاندا، ئەو ئامێرەی لە رۆژگاری ئەمڕۆدا کە لە هەندێک کۆمپیوتەرەکاندا بە مەبەستی خەزنکردن بەکاردێت و بە magnetic random access memory (MRAM) ناوزەند دەکرێت.

بوارە موگناتیسییەکان نواندنە بۆ ١ یاخود سفر-ـەکان کە بارەکانی بەرگەگرتن دروست دەکەن. (Random Access رەندوم ئاکسێس واتا: ڕام-زانیارییەکان لە یەکتر دەهێنێتە سەر شێوەیەکی سەربەخۆ و ناوەندێکی ئەلیکترۆنی بەردەست دەکات).

ئەم دروستکراوە تایبەتە MRAM، هەشت بەش لە بەشەکانی پی-بیت بۆ دروستکردنی کۆمپیوتەرێکی ئەگەری بە یارمەتی چاودێرێک کۆکرانەوە.

دواتر لێکۆڵەرەکان چارەسەری کێشەکانی جیاکردنەوەی لێکدانەوە ژمارە تەواوەکانی کرد کەوا بۆ بەشە بچووکەکان دابەشکرابوون. لە راستیدا ئەمە بە گشتی وەک کێشەیێکی کوانتومی کۆمپیوتەرەکانی کوانتوم هەژمار دەکرێت. کۆمپیوتەرە کلاسیکەکان دەتوانێت ئەمە بە شێوەیەکی سستتر و باشتر ئەنجام بدەن.

وەک ئەوەی لەسەری پێکهاتوون، ئەم کۆمپیوتەرانە ناوەندی هاوبەشێ کۆمپیوتەرەکانی کوانتوم و کۆمپیوتەرەکانی رۆژگاری ئەمڕۆ دەنوێنێت. لێکۆڵەرەکان بانگەشەی ئەوە دەکەن، بە یارمەتی ئەم ئامێرانە کێشەکانی وەک جیاکردنەوەی لە ئامێرەکانی پی-بیت چارەسەر دەکرێت و شوێنی بچووکتر لە کۆمپیوتەرەکانی رۆژگاری ئەمڕۆ داگیر دەکەن و وزەی کەمتر بەفیڕۆ دەدەن.

هاوکات ئەم کۆمپیوتەرانە دەتوانن شوێنی کۆمپیوتەرە کلاسیکەکان بگرنەوە تا ئەو کاتەی کۆمپیوتەرەکانی کوانتوم دێنە نێو ژیانمانەوە. یەکێک لە لێکۆڵەرەکان کەڕەم جامساری وتی، "لە داهاتوویێکی نزیکدا، (پی-بیت)ـەکان دەتوانن یارمەتیدەر بن بۆ زووتر فێربوونی ئامێرێک وەک مرۆڤێک، یاخود دەتوانێت هەڵسەنگاندن بۆ ئەوە بکات کە کامە ئاراستە بۆ شتومەکەکان باشتر دەبێت".

# "پێویستە ئەو پۆستانەی بە پێکهاتەکان دەدرێت وەکو مەکرومە پێیان نەدرێت، وەکو ماف پێیان بدرێت"

فۆتۆ: عەلی سالم / هەواڵ: عەلی عەنتەر

عەدنان عوسمان رایگەیاند، "حکوومەتی نوێی هەرێم جیاوازییەکەی ئەوەیە لەگەڵ حکوومەتەکانی پێشوو کە بەرنامەی چڕ و پڕی هەیە".

لە چاوپێککەوتنێکدا لەگەڵ هەفتەنامە و پۆرتاڵی تەبا، عەدنان عوسمان، ئەندامی خانەی راپەڕاندنی بزوتنەوەی گۆڕان وەڵامی پرسیارەکانی رۆژەڤی دایەوە.

عوسمان لەبارەی چاوەڕوانییەکانی بزووتنەوەی گۆڕان لە حکوومەتی نوێی هەرێمی کوردستانی عێراق وتی، "خەڵکی کوردستان ئێستا پێویستی بە ژیانێکی باشترە و پێویستی بە ئیسڵاحاتی سیاسی هەیە، پێویستمان بە سەقامگیری، هێمنی و ئەمن و ئاسایش هەیە، پێویستمان بەوە هەیە کە پەیوەندییەکی باشمان لەگەڵ بەغداد هەبێت بۆ ئەوەی بتواندرێت خزمەتی زیاتری ئەو ناوچەیە بکرێت".

ئەندامی خانەی راپەڕاندنی بزوتنەوەی گۆڕان لە بارەی چارەسەری کێشە ناوخۆییەکان و خۆپیشاندانەکانی عێراق رایگەیاند، "دەکرێت پەرلەمان کۆمەڵێک یاسای چاکسازی باش دەربکات بۆ ئەوەی عادل عەبدولمەهدی و حکوومەتەکەی دەستکراوەبن، ئازاد بن بۆ جێبەجێ کردنی و بۆ ئەوەی هەنگاوی کرداری بنرێت بۆ باشتر کردنی ژیانی خەڵک. لە ئێستادا دەکرێت لەم قەیرانە دەرباز بن".

هاوکات لەبارەی کێشەی پێکهاتەکانی هەرێمی کوردستانی عێراق، عەدنان عوسمان وتی، "بەشێک لە کێشەی پێکهاتەکانی کوردستان ئەوەیە کە حزبە تەقلیدییەکانی کوردستان لە برِی ئەوەی لە خەمی داخوازییەکانی پیکهاتەکان بن، هەوڵی ئەوەیان دا کە وەڵا و دەنگی پێکهاتەکان بۆ خۆیان رابکێشن. بەداخەوە کۆمەڵێک حزبیان بەناوی پێکهاتەکانەوە دروست کردووە".

دەقی چاوپێکەوتنەکەی عەدنان عوسمان، ئەندامی خانەی راپەڕاندنی بزوتنەوەی گۆڕان هەفتەنامە و پۆرتاڵی تەبا بەم جۆرەیە:

## کارەکانی حکوومەتی نوێی هەرێم چۆن هەڵدەسەنگێنن؟

خۆی لە سەرەتادا حکوومەتەکە لە ماوەی دروست بوونیدا هەندێک کێشەی تێکەوت. راستییەکەی ئەو ماوە زەمەنییە زۆری خایاند. بەڵام حکوومەتەکە بەرنامەیەکی باشی هەیە و ٣ هێزی گرنگ بەشدارن تیایدا کە ئەوانیش پارتی، یەکێتی و گۆڕانن.

حکوومەتەکە بەرنامەیەکی چاکسازی باشی هەیە. ئەگەر کاری جددی لەسەر بکرێت، هەنگاوی زۆر باش دەنرێت. بەڵام پێویستە پەیوەندییەکانی ئەو سێ لایەنە لەگەڵ یەکدا باش بێت. ئێستا ئێمە کار لەسەر ئەوە دەکەین. پەیوەندییە سیاسییەکان باش بن حکوومەتەکەش بەهێزتر و بەتواناتر دەبێت. بەڵام تا ئێستا هەست دەکەین حکوومەتەکە وەڵامێکی ئیجابی و باشی هەیە بۆ کارەکان.

## ئایا بزووتنەوەی گۆڕان هیچ جیاوازییەک بەدی دەکات لە نێوان حکوومەتی ئێستای هەرێم و حکوومەتانی پێشووتر؟

لەوانەیە جیاوازییەکە ئەوەبێت کە حکوومەتی ئەمجارە بەرنامەی چڕ و پڕی هەیە. بەرنامەی ئەم حکوومەتە بەرنامەیەکی هەمە لایەنانەیە بۆ چاکسازی و کار لەسەر چاکسازی دەکرێت.

## چاوەڕوانییەکانی بزووتنەوەی گۆڕان تا چەند بەجێ گەیشتووە؟ ئومێدتان هەیە داواکارییەکانی گۆڕان لە حکوومەتی هەرێم جێبەجێ بکرێت؟

داواکارییەکانی بزووتنەوەی گۆڕان داواکاری خەڵکن. خەڵکی کوردستان ئێستا پێویستی بە ژیانێکی باشترە و پێوستی بە ئیسڵاحاتی سیاسی هەیە، پێویستمان بە سەقامگیری، هێمنی و ئەمن و ئاسایش هەیە، پێویستمان بەوە هەیە کە پەیوەندییەکی باشمان لەگەڵ بەغداد هەبێت بۆ ئەوەی بتواندرێت خزمەتی زیاتری ئەو ناوچەیە بکرێت.

هەنگاوی کرداری بۆ بکرێت و قۆناغ بە قۆناغ کاری لەسەر بکرێت، پێمواببێت ئەوا داخوازییەکانی گۆڕان جێبەجێ دەکرێت. بۆیە داخوازییەکانی ئێمە پەیوەستە بەوەوە کە چەند هەنگاوی کرداری دەنرێت و چەند چاکسازی ئابووری دەکرێت، چەند چاکسازیی سیاسی دەکەیت، تا چەند هەوڵ دەدەیت بیر لە ژیان و گوزەرانی خەڵک بکەیتەوە.

## وەکو بزووتنەوەی گۆڕان بارودۆخی ئێستای بەغداد چۆن هەڵدەسەنگێنن؟ پێتانوایە عادل عەبدولمەهدی، سەرۆکوەزیرانی عێراق بتوانێ ئەو دۆخە تێپەڕێنێت؟



بارودۆخی بەغداد زۆر خراپە، بارودۆخی عێراق زۆر خراپە. لە عێراق رێژەیەکی بێکاری زۆر زۆر هەیە. لە عێراقدا ئیمکانییاتی ماددی زۆر زۆر هەیە. عێراق رۆژانە چەندین ملیۆن بەرمیل نەوت هەنارده دەکات. داهاتێکی زۆر باشی هەیە و کێشەی ئابووری نییە. بەڵام خزمەتگوزاری و ئاستی خزمەت زۆر خراپە لە عێراق، بێکاری زۆر زۆرە، ئاستی موچە زۆر خراپە، کاری خزمەتکردنی هاووڵاتییان زۆر خراپە.

جیاوازییەکی زۆر هەیە لە نێوان چینی دەسەڵاتداری وەکو حکوومەت و پەرلەمانتار و بەرپرسەکان لەگەڵ چینی زەحمەتکێشەکە، چینی خوارەوەی خەڵک. چینی مامناوەند لە عێراقدا خەریکە ورد و خاش دەبێت و خەریکە لەناو دەچێت. ئەمە زۆر خەتەرە. بۆیە هەر حکوومەتێک لە عێراقدا دەیەوێ بمێنێتەوە دەبێ بیر لەوەبکاتەوە کە خزمەتی خەڵک بکات، خۆشگوزەرانی دابین بکات. دەبێت بیر لەوە بکاتەوە کە چۆن هەلی کار بڕەخسێنێت و رێژەی بێکاری کەم بکاتەوە.

لە ئێستادا خۆپیشاندانەکان ئاماژەیەکی زۆر گەورەیە. پەیامێکی زۆر گەورەیە بۆ هەموو دەسەڵاتداران لە عێراق کە خەڵک ناڕازییە لێیان و پێگەی جەماوەرییان نەماوە و لە ئاستێکی خراپدان. من پێموایە عادل عەبدولمەهدی لە هەموو سەرۆکوەزیرەکانی تر باشتر بووبێت و ئیجابیتر مامەڵە لەگەڵ ئەو پرسانەدا بکات. وە نیازێکی باشتری هەبێت بۆ چارەسەر کردن. بەڵام کێشەکان تەنها بە عادل عەبدولمەهدی چارەسەر نابێت. دەبێت ئیرادەیەکی سیاسی هەمەلایەن هەبێت، هەموو لایەنەکان بیر لەوە بکەنەوە کە ئەم حکوومەتە چاک بکەنەوە، چونکە لە ئێستادا بەدیلی ئەم حکوومەتە نییە. بەدیلی ئەم حکوومەتە فەوزایەکە کە عێراقییەکان زیاتر زەرەرمەند دەبن لە فەوزایەکەدا.

بۆیە ئەگەر بکرێت پەرلەمان پشتگیری عادل عەبدولمەهدی بکات بۆ ئەوەی هەنگاوی کرداری باشتر بنێت و هەنگاوی چاکسازی توند و بنبڕ بنێت، پێموایە ئەوە چارەسەرێکی باشترە. دەکرێت پەرلەمان کۆمەڵێک یاسای چاکسازی باش دەربکات بۆ ئەوەی عادل عەبدولمەهدی و حکوومەتەکەی دەستکراوەبن، ئازاد بن بۆ جێبەجێ کردنی و بۆ ئەوەی هەنگاوی کرداری بنرێت بۆ باشتر کردنی ژیانی خەڵک. لە ئێستادا دەکرێت لەم قەیرانە دەرباز بن.

## لەم بارودۆخەی ئێستای عێراقدا کە خۆپیشاندان دژی حکوومەت دەکرێت، بزووتنەوەی گۆڕان هەڵوێستی چییە؟

ئێمە هەڵوێستی خۆمان راگەیاندووە، ئێمە بە تەواوی پشتیوانی لە خۆپیشاندانەکان دەکەین، پشتیوانی لە مافەکانی خەڵک و داواکارییەکانیان دەکەین. وە پشتگیری لەو بەیاننامەیەش دەکەین کە حکوومەتی عەبدولمەهدی دەریکرد بۆ چارەسەری کێشەکان. هەنگاوی زۆر باشی تێدایە. پشتگیری لە باشکردنی ژیانی خەڵک، گەڕانەوەی ئەمن و ئاسایش، کەمکردنەوەی رێژەی بێکاری دەکەین. پشتگیری ئەوە دەکەین کە داهاتی خەڵک باشتر بکرێت و دەستکەوتنی نەوت بۆ باشتر کردنی ژێرخانی ئابووری عێراق بەکاربهێندرێت. ئەوانە کاری زۆر باشن. ئەگەر لە ئیستادا عادل عەبدولمەهدی و حکوومەتەکەی هەنگاوی کرداری بنێن بۆ باشتر کردنی ژیانی خەڵک، ئێمە پشتگیر دەکەین.

## ئێستا بزووتنەوەی گۆڕان بەشێکە لە حکوومەت و تا ئێستا گوێبیستی ئەوە نەبووین کە بزووتنەوەی گۆڕان ئاماژە بە پێکهاتەکان بکات. ئایا گۆڕان هیچ پرۆژەیەکی هەبووە یاخود هەیە بۆ پێکهاتەکان؟

بەڵی پرۆژەمان هەبووە. لە بەرنامە سیاسییەکانماندا کار لەسەر پێکهاتەکان کراوە. لە پەرلەمانیشدا هەموو کات پەیوەندییەکی باشمان هەبووە لەگەڵ پێکهاتەکان و هەر پرۆژەیەک لە بەرژەوەندی پێکهاتەکان بووبێت ئێمە پشتگیریمان لێکردووە. وە کاتێکیش ئێمە ئەندام بووین لە لێژنەی نووسینی دەستووری هەرێم هەموو مافەکانی پێکهاتەکانمان خستۆتەڕوو.

ئێمە دوو بۆچوونمان هەیە لەسەر پرسی پێکهاتەکان. یەکەمیان پێکهاتەکانی هەرێمی کوردستان هاووڵاتی پلە یەکی کوردستانن. لە کوردستاندا نابێت هاووڵاتی پلە یەک و پلە دوو هەبێت. هەرهەمووی پلە یەکە. جا ئەو هاووڵاتییە کورد بێت، تورکمان بێت، عەرەب بێت هیچ جیاوازییەکی نییە، پێویستە هەموو مافێکی هەبێت و هاووڵاتی پلە یەک بێت.

دووەمیش ئەوەیە کە ئەم قسانە تەنها قسە نەبن و بەڵکو بکرێن بە هەنگاوی کرداری. لە زۆرێک لە وڵاتە دیکتاتۆرەکان بە قسە هیچ ناهێڵنەوە، بەڵام بە کرداری عەمەلی لەوانەیە زۆرێک لە چەوساندنەوە بەدی بکرێت. ئێمە پێمانوایە دەبێت بە کرداری مافیان بدرێت.

پێویستە بەشداری سیاسی تەواویان پێبکرێت. پێویستە لە ئیدارە خۆ جێییەکان وجودیان هەبێت و سنووری جوگرافیان بپارێزرێت. وە مافەکانی ئایینیی و نەتەوەییان دەبێت پارێزراو بێت. دەبێت لە ئاستی سەرۆکایەتی هەرێم و هەتا خوارەوە ئامادەبن و بەشدارییان پێبکرێت. وە ئەو مافانەش بە دەستوور زامن بکرێت.

## ئایا لە ئێستادا بارودۆخی پێکهاتەکان چۆن دەبینن؟ ئەو مافانەی باستان لێوەکرد دراوە بە پێکهاتەکان؟ چۆن مامەڵەیان لەگەڵدا دەکرێت؟

بەشێک لە کێشەی پێکهاتەکانی کوردستان ئەوەیە کە حزبە تەقلیدییەکانی کوردستان لە بری ئەوەی لە خەمی داخوازییەکانی پیکهاتەکان بن، هەوڵی ئەوەیان دا کە وەڵا و دەنگی پێکهاتەکان بۆ خۆیان رابکێشن. بەداخەوە کۆمەڵێک حزبیان بەناوی پێکهاتەکانەوە دروست کردووە.

ئێمە وەکو گۆڕان لەگەڵ ئەوەین کە نوێنەری پێکهاتەکان نوێنەری فیعلی پێکهاتەکان بن و نوێنەری حزبی تر نەبن. نوێنەری حزبیش نەبن بەڵکو نوێنەری بەرژەوەندییەکانی پێکهاتەکان بن. لەوێ شەڕی بەرژەوەندییەکانی پێکهاتەکەیان بکەن. پێویستە ئێمەش وەکو بزووتنەوەی گۆڕان و لایەنەکانی دیکە پشتگیری لە مافەکانیان بکەین.

تا ئێستا بەشداری پێکردنیان لەو ئاستەدا نییە. راستە دەبینین کە بەشدارییان پێدەکرێت و وەزیرێک دەدرێت بە تورکمان و پۆستێک دەدرێت بە مەسیحی. بەڵام ئەو عادەتە لە ١٩٩٢ەوە هەر هەیە. پێویستە ئەو پۆستانە وەکو مەکرومە و دیاری پێیان نەدرێت، وەکو ماف پێیان بدرێت و ئەوە جێگیر بکرێت. پێویستە هەموو پێکهاتەکان حزووریان هەبێت لە سەرۆکایەتی هەرێم و پەرلەمان و دامودەزگاکانی دیکەی حکوومەت.

# کاراچای: ئۆپەراسیۆنی کانی ئاشتی لەدژی کورد نییە

فۆتۆ: عەلی سالم/هەواڵ: زیا عوزێری

هاکان کاراچای، کونسوڵی گشتی تورکیا لە هەولێر(ئەربیل) دەربارەی دەستپێکردنی ئۆپەراسیۆنی کانی ئاشتی لە باکووری سووریا رایگەیاند، "ئۆپەراسیۆنەکە لەدژی کورد نییە و بەڵکو لەدژی رێکخراوی تیرۆریستی پەکەکە و درێژەپێدەری ئەو رێکخراوە لە سووریا کە بریتین لە پەیەدە و یەپەگە-یە".

کونسوڵی گشتی هاکان کاراچای، دەربارەی دەستپێکردنی ئۆپەراسیۆنی کانی ئاشتیی لە باکووری سووریا روونکردنەوەی رۆژنامەوانی دا.

هاوکات کاراچای وتی، "لە باکووری سووریا ٢٢٠ کاری تیرۆریستی لەلایەن پەکەکە/پەیەدە/یەپەگە ئەنجامدراوە. وەرگرتنی منداڵ وەکو سەرباز، تۆقاندنی هێزە ئۆپۆزیسیۆنەکان، گۆڕانکاری دیموگرافی و زۆرەملێکردنی دانیشتووانی ژێردەستی بۆ سەربازی لەلایەن پەکەکە/پەیەدە/یەپەگەوە وەکو پێشێلکردنی مافەکانی مرۆڤ زیادی کرد و ژمارەکان خراونەتەڕوو. گلەیی و کاردانەوەکانی دانیشتووانی خۆجێیی ناوچەکە لە بەرامبەر زوڵم و زۆرداریی پەکەکە/پەیەدە/یەپەگە زیادی کردبوو. دەمەوێت شتێک دووبارە بکەمەوە کە ئێوەش ئاگادارن. لە ئەنجامی فشار و زوڵم و سیاسەتی تۆقاندنی پەکەکە/پەیەدە/یەپەگە، ٣٣٠ هەزار هاووڵاتی کوردی سووریا پەنایان بۆ تورکیا برد".

هاکان کاراچای لە بەردەوامی روونکردنەوە رۆژنامەوانییەکەدا وتی:

"ئەوانەی بانگەشەی پێچەوانەی ئەو بابەتە دەکەن، پێمان وایە خاوەنی نیەتێکی باش نین و پێویستە بەهەند وەرنەگیرێن. هەستیاریی ئێمە بەرامبەر بە هەرەشەکانی پەکەکە/پەیەدە/یەپەگە لە رۆژهەڵاتی فورات بۆ سەرجەم ئەو لایەنە هاوپەیمانانە باسکراوە کە لەرووی سەربازی و سیڤیلەوە بوونیان هەیە لە ناوچەکە. هەروەها جەختمان لە بەکارهێنانی مافی خۆپاراستن کردووەتەوە کە مافێکی شەرعییە و لە یاسا نێودەوڵەتییەکان هەڵقوڵاوە و رامانگەیاندووە کە لە کاتی پێویست بەبێ شک بەرگریی لەخۆمان دەکەینەوە".

لەلایەکی دیکەوە هەمیشە رامانگەیاندووە کە ناکرێت چاوەڕوانی ئارامگرتن لە تورکیا بین سەرەڕای هەبوونی تیرۆریستان لە نزیک سنوورەکانی. هەبوونی ئەو گرووپە تیرۆریستانەی کە خاوەن رۆژەڤی جوداخوازین هەرەشەیە بۆ سەر یەکپارچەیی و .یەکێتی خاکی سووریا. لەو سۆنگەیەوە ئۆپەراسیۆنی کانی ئاشتیی لە ٩ی تشرینی یەکەم دەستپێکرد

## ئامانجی ئەم ئۆپەراسیۆنە چییە؟

وەکو ئەوەی کە تا ئێستا دەمەوێت بۆتان روون بکەمەوە، ئامانجی ئەم ئۆپەراسیۆنە پاراستنی ئاسایشی سنوورییی تورکیا و لەچالاکی خستنی تیرۆریستانی ناوچەکەیە کە بەو پێیەش گەلی سووریا لە فشار و زوڵمی تیرۆریستان رزگاری دەبێت. کەمێک بەر لە ئێستا ئاماژەم پێدا و دەمەوێت دووبارەی بکەمەوە؛ ئەم ئۆپەراسیۆنە لە دژی برا کوردەکانمان نییە، بەڵکو ئەم ئۆپەراسیۆنە تەنها و تەنها لە دژی رێکخراوی تیرۆریستی پەکەکە/پەیەدە/یەپەگە و تیرۆریستانە. دەمانەوێت ئەمەیان بەو شێوەیە بزانرێت. ئێمە هیچ کێشەیەکمان لەگەڵ برا کوردەکانمان نییە. بەرەنگاربوونەوەی ئێمە تەنها لەگەڵ رێکخراوە تیرۆریستییەکانە.

وەکو ئۆپەراسیۆنەکانی دیکە، ئەم ئۆپەراسیۆنەش تەنها ئەو حەشارگە و چەک و ئۆتۆمبێل و کەلوپەلەکانیان دەکاتە ئامانج کە هی رێکخراوی تیرۆریستی ناوبراون. بۆ مەبەستی زیان نەگەیاندنی خەڵک، هەوڵێکی لەرادەبەدەر دراوە. سەربازگە و خاڵە چاودێرییەکانی سەر بە هاوپەیمانەکانمان بەهەمان شێوە لەئامانجی ئێمە نین. لەو بارەیەوە دەمەوێت تیشک بخەمە سەر بابەتێک، رێکخراوی تیرۆریستی پەکەکە/پەیەدە/یەپەگە لەگەڵ دەستپێکردنی ئۆپەراسیۆنەکە ئەو ناوچانە دەکاتە




ئامانج کە دانیشتووانەکەی خەڵکی سیڤیلن، وابزانم هەمووتان ئاگاداری ئەو بابەتەن. هەر شوێنێک بدۆزنەوە، هەر لەوێوە ئەو ناوچانەی کە دانیشتووانەکەی خەڵکی سیڤیلن بە گوللە هاوەن و بۆمب دەکەنە ئامانج. ئەمەیان دۆخێکە بۆ ئەو لایەنانە کە چاوییان دەکاتەوە بەرامبەر بە رووی راستەقینەی رێکخراوی تیرۆریستی پەکەکە/پەیەدە/یەپەگە.

ماوە ماوە لە سۆشیال میدیا و راگەیاندنەکان هەندێک گرتە بڵاودەکرێتەوە. هەروەها وا پیشان دەدرێت کە ئەم گرتانە لە ئێستادا لە میانی ئۆپەراسیۆنی کانی ئاشتیی و لەلایەن هێزە چەکدارەکانی تورکیاوە ئەنجامدراوە. کەمپەینێکی ناوزڕاندن لەئارادایە و لەئێستادا بەهەمان شێوە بەرێوەدەچێت. ئەو گرتە ڤیدیۆییانەی بڵاوکراونەتەوە لە رابردوو لە شوێن و کات جیاواز روویداوە و لەنێوان پێکدادانەکانی دیکە بووە و لەلایەن ئۆرگانە میدیاییە جیددیەکان تیشک خراوەتە سەر ئەوەی کە لە ئێستادا بەردەوامە. بە رێگەی ئێوەوە تکامان وایە بوار بە هەواڵی درۆ و هەڵە نەدەن.

## بنەمای یاسایی ئۆپەراسیۆنەکە چییە؟

ئەم ئۆپەراسیۆنە لەسەر بنەمای یاسا نێودەوڵەتییەکان بەڕێوەدەچێت. هاوکات ئۆپەراسیۆنەکە بەپێی ماددەی ٥١ی مافی خۆپاراستنی نەتەوە یەکگرتووەکان و چەندین بڕیاری تایبەت بە بەرەنگاربوونەوەی تیرۆری ئەنجوومەنی ئاسایش و لەژێر ناونیشانی رێزگرتن لە یەکپارچەیی سەروەریی خاکی سووریا ئەنجام دەدرێت.

تورکیا چاوی لە خاکی هیچ کەسێک نییە. شوێنی ئەنجامدانی ئۆپەراسیۆنەکە خاکی سووریایە و رێز لە یەکپارچەیی خاکی سووریا دەگیرێت. تورکیا یەکپارچەیی و یەکێتی خاکی سووریای دەوێت.

لەبارەی ماوەی خایاندنی ئۆپەراسیۆنەکە دەتوانم ئەوە بڵێم، نیازمان وایە ئۆپەراسیۆنەکە بەردەوام بێت تاوەکو بنەماکانی تیرۆر لە ناوچەکە پاک دەکرێنەوە و ئاسایشی سنوورەکانمان بەرقەرار دەبێت و خەڵکی سووریا لە زوڵمی پەکەکە/پەیەدە/یەپەگە و داعش رزگار دەبن.

ئۆپەراسیۆنەکە پشتگیری لە گەڕانەوەی سوورییەکان دەکات کە بە زۆرەملێیی ماڵ و حاڵی خۆیان جێهێشتووە، ئەمەشیان بە یاسا نێودەوڵەتییەکان و هاریکاریی لەگەڵ نەتەوە یەکگرتووەکان بەڕێوەدەچێت، هەروەها ئاسانکاریی بۆ هەوڵ و پشتگیری خەڵکی سووریا دەکات.

سەرەڕای چەندین راپۆرتی رەش و پروپاگەندەکان، ئامانجی تورکیا بە ئەنجامدانی ئۆپەراسیۆنەکە گۆڕانکاریی دیموگرافی نییە و هیچ پلان و نیازێکی لەو جۆرە لەخۆ ناگرێت، بەپێچەوانەوە ئۆپەراسیۆنەکە کە بەرەنگاریی تیرۆرۆ دەبێتەوە، دەبێتە رێپیشاندەر بۆ گەڕانەوەی خەڵکەکە بۆ سەر ماڵ و حاڵی خۆیان کە لەلایەن پەکەکە/پەیەدە/یەپەگەوە رووبەڕووی پاکتاویی ئیتنیکی و تاوانی بەرامبەر بە مرۆڤایەتی دەبنەوە.

لەگەڵ سەرکەوتنی ئۆپەراسیۆنەکە، عەرەب بێت یاخود کورد یانیش تورکمان واتە خەڵکی رەسەنی ناوچەکە دەتوانن بۆ ماڵ و حاڵیان بگەڕێنەوە. هەوڵەکانی تورکیا و بەرەنگاربوونەوەی تیرۆر پشتگیری لە یەکپارچەیی و یەکێتی خاکی سووریا دەکات. لەبارەی بەرەنگاربوونەوە لەگەڵ داعش دەمەوێت شتێک بڵێم، تورکیا تاکە وڵاتە لە سووریا یەک بە یەک رووبەڕووی داعش دەبێتەوە. دەبێت وەبیرتان بێتەوە کە تەنها لەگەڵ ئۆپەراسیۆنی قەڵغانی فوڕات زیاتر لە ٣ هەزار چەکداری تیرۆریستی داعش لەچالاکی خران.

بارودۆخی داعشە دەستگیرکراوەکان لە ناوچەکە گرنگیی هەیە، کێشەی تیرۆریستەکانی بەرەچەڵەک بیانی بەرێگەی هەوڵی نێوەندی نێودەوڵەتی چارەسەر دەکرێت. بڕوامان وایە کە تاکە چارەسەر ئەوەیە سەرجەم چەکدارە تیرۆریستەکانی بیانی لەلایەن وڵاتی خۆیان وەربگیرێنەوە.

# هەڵسەنگاندنی هەڵبژاردنەکانی ئەنجوومەنی پارێزگاکانی عێراق لە ئیستانبوڵەوە

ناوەندی هەواڵ

کۆمەڵەی تورکەکانی عێراق کە ناوەندەکەی لە ئیستانبوڵە، سمینارێکی لە ژێر ناونیشانی "هەڵبژاردنەکانی پارێزگاکان لە تورکمانئێلی و گرنگییەکانی" رێکخست.

محەمەد جاسم ئەغائۆغڵو، راوێژکاری سیاسی بزووتنەوەی نەتەوەیی تورکمان وەکو قسەکەر بەشداری لە سمینارەکە کرد.

کەمال بەیاتلی، سەرۆکی گشتی کۆمەڵەی تورکەکانی عێراق لە میانی سمینارەکەدا، دوای ئاماژەدان بە گرنگی هەڵبژاردنەکانی عێراق، باسی لەوە کرد کە هەڵبژاردنەکانی ئەنجوومەنی پارێزگاکانی عێراق مانگی نیسانی ٢٠٢٠ گرنگییەکی تایبەتیان هەیە.

بەیاتلی وتی، "بێکاری، ئاڵۆزی و گەندەڵی لە عێراق بە گشتی بوونی هەیە. وەکو دەبیندرێت لە ناوچەی تورکمانئێلیش بێکاری گەیشتۆتە سەر سنوور. تاکە رێگەی وەستاندنی ئەو ناحەقییەی کە رووبەڕوییان بووەتەوە ئەوەیە کە خەڵک بەشداری لە هەڵبژاردنەکان بکەن. هەڵبژاردنەکان رێگایەکی سروشتییە بۆ گەڕان بە دوای مافەکاندا".

محەمەد جاسم ئەغائۆغڵو کە لەبارەی هەڵبژاردنەکانی ئەنجوومەنی پارێزگاکان قسەی کرد و بە خشتە و ژمارەکانەوە باسی لە هەڵبژاردنەکانی رابردوو کرد. هەروەها جەختی لەو پرسانە کردەوە کە لە بەرژەوەندی تورکمانن یاخود لە دژی تورکمانن.
دوای ئاماژەدان بە سیستەمی هەژمارکردنی دەنگەکان لە عێراق، ئەغائۆغڵو باسی لە سیستەمی هەژمارکردنی سانت لیگۆ کرد و هەموو ئەو سیناریۆیانەی خستەڕوو کە بۆ گۆڕینی دەنگەکان بەکار دەهێندرێن.

لە نێوان میوانەکاندا کە بەشدارییان لە سمینارەکە کردبوو هەریەکە لە ئەرشەد هورموزلو، سەرۆکی وەقفی کەرکوک و حوسامەددین تورکمان، سەرۆکی گشتی بزووتنەوەی نەتەوەیی تورکمان ئامادەبوون.

لە بەشی پرسیار و وەڵامی سمینارەکەدا بە فراوانی تیشک خرایە سەر ئەوەی کە ئایا بۆچی "پارتەکانی تورکمان یەک ناگرن و بە یەک لیست بەشداری لە هەڵبژاردنەکان ناکەن". ئەو پرسەش یەکێک بوو لەو پرسانەی کە بووە رۆژەڤی پرسیار و وەڵامەکان.



# "لەسەدا ٩٠ی ڕووداوەکانی کوشتن لەسەر کێشەی نامووسە"

فۆتۆ: عەلی سالم/هەواڵ: زیا عوزێری

ماوەیەکە ڕووداوەکانی کوشتن زوو زووە دێتە بەردەممان یاخود لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکاندا گوێبیستی دەبین کە زۆرینەیان منداڵ و ئافرەتی تێدایە.

لەو بارەیەوە رائید هۆگر عەزیز، وتەبێژی پۆلیسی هەولێر تایبەت بە تەبا تیشکی خستە سەر ڕووداوەکانی کوشتن و وتی، "لە کوردستان زۆرینەی کوشتنەکان پلاندارێژراو نییە و واتە مەبەستیان تێدا نییە. بەڵکو مەبەست و هۆکارەکان کۆمەڵایەتین. لە هەر وڵاتێک گەر کێشەیەک هەبێت ئەوا پێویستە باس بکرێت، بە پێچەوانەوە بابەتەکە دەچێتە قالبی خۆدزینەوە. کێشە کۆمەڵایەتییەکانیش زۆرینەیان کێشەی نامووسە. ناموس لە وڵاتی ئێمە زۆر قووڵ کراوەتەوە. تەنانەت وای لێهاتووە لەسەدا ٩٠ی زیاتر کوشتنەکان پاککردنەوەی ناموسە، واتە بە هۆکاری ناموس کوژراون".

هۆگر عەزیز وتیشی، "لەسەدا ١٠ی دیکە بۆ بەرکەوتەی کۆمەڵایەتی دەگەڕێتەوە، کێشەی قەرز یاخود بەریەککەوتنی ئۆتۆمبێل و هیتر. لەسەدا ٩٠ـەکەی دیکە لەسەر کێشەی ناموس و دەستدرێژییەکانی سەر ناموسە. لە داب و نەریتەکانماندا هەمیشە دەیانەوێت تۆڵەسەندنەوەکە بەدەستی خۆیان بێت. زۆرجار بە خەڵک دەڵێین کەوا یاسا بکەن بە سەرچاوە بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان. زۆر جاری وا هەیە یاساکان کاریگەرییان هەیە لە وڵاتان بەڵام لە وڵاتی ئێمە یاسای کوشتن بۆ نموونە ماددەی ٤٠٥ و ٤٠٦ بەرکەوتەی توندی هەیە لە یاسای سزادانی عێراقی واتە بەندکردن و تەنانەت گەر سیستەمی لەسێدارەدان بێت ئەوا پەیڕەو دەکرێت".

## "لە ساڵی ٢٠١٤وە تا ساڵی ٢٠١٦ و کۆتایی ئەو ساڵە و سەرەتای ساڵی ٢٠١٧ کەمێک ئاڵۆز بوو"

وتەبێژی پۆلیسی هەولێر تیشکی خستە ئامارەکانی پێشوو و وتی، "لە ساڵی ٢٠١٤وە تا ساڵی ٢٠١٦ و کۆتایی ئەو ساڵە و سەرەتای ساڵی ٢٠١٧ کەمێک ئاڵۆز بوو واتە گرژیی و کوشتن هەبوو و بەرێژەیەک لەبەرچاو گیرابوو، بەڵام لە سەرەتای ساڵی ٢٠١٧ و ساڵی ٢٠١٨ و ئەمساڵ پلانێکی تۆکمە دانرا بۆ ئەوەی بتوانرێت پارێزگاری بکرێت لە کەمکردنەوەی تاوانی کوشتن. تۆ ناتوانیت بنبڕی بکەیت، لە هیچ وڵاتێکیش بنبڕ ناکرێت و هەر هەیە، بەڵام دەتوانیت کەمی بکەیتەوە یاخود لە دیاردە بیگەیەنیتە حاڵەت".

## "لەساڵی ٢٠١٧دا لە هەولێر لە کۆی ٢ ملیۆن ژمارەی دانیشتووان، ٦٤ کەس کوژراوە"

ئەو دەشڵێت، "لەساڵی ٢٠١٧دا لە هەولێر ٦٤ کەس کوژراوە لە کۆی ٢ ملیۆن کەس، گەر تۆ بێیت و بەراوردێک لەگەڵ چەند وڵاتێک یاخود شارێکی جیهان بکەی ئەوە بۆمان دەردەکەوێت کە ڕێژەکەی کەمە، بەڵام هەر هەیە. لە ساڵی ٢٠١٨دا کاری زیاترمان کردووە بۆ نموونە سنووردارکردنی مۆڵەتی چەک، دەستبەسەرداگرتنی ئەو چەکانەی کە لە شوێنە گشتییەکان هەڵگیراوە. گەر سەیر بکەیت لە بازاڕ کەس نابینیت چەکی پێبێت جگە لەوەی دەسەڵاتدار بێت پێشمەرگە بێت".

هۆگر عەزیز بەو شێوەیە بەردەوامی بە قسەکانیدا و وتی:

"پێشووتر ئەوانیش دەهاتن بۆ بازاڕو بە چەک دەسوڕانەوە بەڵام ئێستا ئەو بنبڕ کراوە و لە کاتی ئەرک بێت یاخود نا. لە شوێنە گشتییەکاندا هەڵگرتنی چەک بە مۆڵەت یاخود بەبێ مۆڵەت قەدەغە کراوە. بۆیە توانیمان دەست بەسەر ڕێژەیەکی زۆر چەک بگرین و لە سەرەتای ساڵی ٢٠١٧دا هەزار ١٩٦ کەسمان دەستگیرکرد کە چەکیان لە شوێنە گشتییەکاندا هەڵگرتووە، چەکەکانیش دەستیان بەسەرداگیرا و بەپێی ماددەی ٢١ی چەکیش سزامان بەسەریاندا سەپاند بۆ نموونە کەسێک بۆ ماوەی ٩ مانگ بەندکرا".

لەلایەکی دیکەوە هۆگر عەزیز وتی، "ئەمانە بوونە هۆی ئەوەی کە ئاستی تاوان کەم بێتەوە و لە ساڵی ٢٠١٨دا بە بەراورد لەگەڵ ٢٠١٧ حاڵەتی کوشتن بەڕێژەیەکی بەرچاو دابەزیوە و بۆ ٤٤ کەس کەم بووەتەوە. واتە لەشاری هەولێر ٢٠ حاڵەتی کوشتن کەمی کردووە. بەشێکی دیکەش ئەوەیە کە دەبێت بتوانین کۆمەڵگاکەمان هۆشیار بکەین بەرێگەی ڕێکخراوە کۆمەڵگا مەدەنییەکانی سەرجەم پێکهاتەکان. گەر سەیر بکەین هەولێر تەنها هی هەولێرییەکان نەماوە و بووەتە سەنتەرێکی بازرگانی و پەیوەندییە سیاسییەکان و کۆمەڵایەتییەکان. بۆ نموونە چەندین بارەگا و حیزب و کۆمپانیای تێدایە".



ئەو ئەفسەرەی پۆلیس کە هاوکات وتەبێژی پۆلیسی هەولێر(ئەربیل)ـە زانیاریدا کە لە ئێستادا ٢٧ زمان لەشاری هەولێر(ئەربیل) قسەی پێدەکرێت و وتیشی، "ئەمە وایکردووە کە هەولێری ئێستا و هەولێری جاران جیاوازبێت. پێشووتر کە تاوانێک ئەنجام دەدرا لەناو شاری هەولێر دەنگی دەدایەوە چونکە ژمارەی دانیشتووانەکەی دیاریکراوبوو. هەروەها ئەو خەڵکانەی کە لێی دەژیان ناسراو و دیاریکراوبوون و یەکتریان دەناسی و هەڵسوکەوتیان لەگەڵ یەکتر بوو، بەڵام ئێستا هەولێر گۆڕاوە و لە ٩ گەڕەکەوە بۆ زیاتر لە ٥٧ گەڕەک. بەو پێیەش هەولێر فراوان بووە و ساڵی ٢٠١٧ بۆ ٢٠١٨ بەبێ ئاوارە ملیۆنێک و ٨٠٠ هەزار کەس بووە. دەزگا ئەمنییەکان پەیوەندییەکی پتەویان هەیە لەنێوانیان بۆ ئەوەی بتوانین تەواوی ڕووداوەکان کۆنترۆڵ بکەین بەتایبەتی ئەو کێشانەی کە بووەتە دیاردە".

## "کار دەکەین لەسەر نەهێنانی مادده هۆشبەرەکان لە وڵاتانی دەورووبەرەوە بۆ ناو شاری هەولێر"

لەکۆتاییدا رائید هۆگر عەزیز، وتەبێژی پۆلیسی هەولێر وتی، "لەئێستادا هەوڵ و کار دەکەین لەسەر نەهێنانی مادده هۆشبەرەکان لە وڵاتانی دەورووبەرەوە بۆ ناو شاری هەولێر. هەولێر دەبێت بە پاکی بپارێزرێت چونکە پارسەنگی هێزی سیاسی و ئارامی کوردستانە و نموونەیەکە بۆ سەرجەم عێراق. لە هەولێر تەنها لایەنێکی سیاسی تەرکیز ناکاتە سەر ئارامی شار، بەڵکو ئەوانی دیکەش هەمان شت دەکەن بۆ پاراستنی ئارامی شار، گەر ئەمە نەمێنێت ئەوکات هەموو ئارامییەکە لە سەرجەم لایەنەکان دەڕوات".

" فراوانبوونی شاری هەولێر کە لە ئێستادا بۆمان دەردەکەوێت بەپێی ستاندارده جیهانییەکان دەبوایە لە ساڵی ٢٠٣٠ بگاتە ئەو ئاستە"
بە مەبەستی وەرگرتنی ڕووی سایکۆلۆجیای کوشتن و پەیوەندیی فراوانبوونی شار، توێژەری کۆمەڵایەتی یوسف کەمال بە مایکی تەبا-ی وت، "فراوانبوونی شاری هەولێر کە لە ئێستادا بۆمان دەردەکەوێت بەپێی ستاندارده جیهانییەکان دەبوایە لە ساڵی ٢٠٣٠ بگاتە ئەو ئاستە هاوکات لە کتێبی (التوسع الحضري) ئاماژەی پێکراوە. واتە فراوانبوونی هەولێر ١٠ ساڵ زووتر بووە و بە خێراییەکی زۆر فرانبوونی بەخۆوە بینیوە".

هاوکات یوسف کەمال وتیشی، "شار چەند فراوان بێت بنیادی کۆمەڵایەتی زیاتر ئاڵۆز دەبێت بەتایبەتی بارودۆخی ئابووری. جگە لەوەی ئاشکرایە کە لەئێستادا هەولێر بووەتە دوو بەش، بەشێک لە خزمەتگوزارییەکان و کاڵاکان و زەوی و زار جیاوازیەکی زۆری لەگەڵ بەشەکەی دیکە هەیە. ئەمانە هەمووی هۆکارن بۆ درووستبوونی کێشەو گرفت. بەتایبەتی کێشە و گرفتی زەوی و زار.

لەکۆتاییدا ئەو توێژەرە کۆمەڵایەتییە تیشکی خستە سەر سۆشیاڵ میدیا و وتی، "فراوانبوونی قەیرانەکان هەموویان هۆکارن بۆ درووستبوونی چەندین کێشەی کۆمەڵایەتی و هۆکاری زۆریان دەگەڕێنەوە بۆ لایەنی ئابووری. جگە لەوانە بابەتی جیاوازی چینایەتی فراوانی بەخۆیەوە بینیوە و بەدەرکەوتووە. هەموو ئەمانە هۆکارن بۆ بڵاوبوونەوەی دیاردەی کوشتن، بەتایبەتی زۆربوونی هۆکارەکانی راگەیاندن بەتایبەتیتریش تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان ئەمەشیان هۆکارێکی دیکەیە بۆ فراوانبوونی دیاردەی کوشتن".

# ئاوڕێک بۆ ڕابردوو لەگەڵ وەستا سەلام

فۆتۆ: عەلی سالم/هەواڵ: زیا عوزێری

دەرفەتێکمان قۆستەوە و توانیمان چاوپێکەوتنێکی کورت لەگەڵ سەلام تەرزی، بەرگدرووی بەناوبانگی شاری هەولێر(ئەربیل) ئەنجام بدەین.

تەرزی جگە لەوەی یەکێکە لە باشترین بەرگدرووەکانی شاری هەولێر(ئەربیل)، حەزی لە قۆریاتە و لەڕووی پێنوسەکشییەوە پێگەیەکی باشی هەیە لەنێو قۆریاتچییەکان.

لەمیانی چاوپێکەوتنەکەدا نازناوی خۆی بە 'خانچی' ناوبرد و وتی، "من سالم فازڵ محەمەد تەرزی، لە بنچینەدا ئێمە پیشەی خانچییمان کردووە و ڕەحمەتی باپیرەم ئەم پیشەیەی ئەنجامداوە. لە ساڵی ١٩٥٨ لە قەڵای هەولێر چاوم بە دونیا هەڵهێنا. دواتر لە ساڵی ١٩٦٢ لە قەڵا دابەزین و لە گەڕەکی تەیراوە نیشتەجێبووین. لە تەیراوە ماڵمان لەتەک وەستا عەدنان ساڵح تەرزی بوو. تا ساڵی ١٩٧٨ لەوێ ماینەوە و دواتر کارەکانمان بەرەوخراپی هەنگاوینا، خەڵکی هەولێر(ئەربیل)یش بڵاوبوونەوە. هەریەکە لە گەڕەکەکانی شۆرش، تەیراوە و لە زۆربەی دیکە نیشتەجێبوومە. دواتر ژیانی هاوسەرگیریم پێکهێنا".

تەرزی لەمیانی قسەکانیدا رایگەیاند کە لە ساڵی ١٩٦٤-ەوە دەستی بە پیشەی بەرگدروویی کردووە و وتیشی، "یەکەم وەستام لە پیشەیی بەرگدروویی عەدنان حاجی سالح بوو، تا ساڵی ١٩٧٠ لەلای ئەو کارم کردووە. دواتر فێری پیشەکە بووم، بێگومان کارکردن لەو سەردەمە شتێکی زۆر جیاوازبوو لەگەڵ ئەوەی ئەمڕۆ. دواتر لە ساڵی ١٩٨٢-ەوە دەستم بە بەرگدروویی ئافرەتان کرد و باشترینبووم. تا ساڵی ٢٠٠٦ بەرگدروویی ئافرەتانبووم دواتر لە ساڵی ٢٠١٢ دوای تێکچوونی پیشەکە بە جارێک وازم لە پیشەی بەرگدروویی هێنا".

کاتێک باسی بەرگدرووە کۆنەکانی شار دەکرد، نەیتوانی هەستەکانی خۆی بشارێتەوە و وتی، "بەرگدرووە کۆنەکانی شاری هەولێر بۆ نموونە بریتی بوون لە؛ بەکر تەرزی، زەکی تەرزی، دواتر جەلیل تەرزی (خەیات)، نورەدین تەرزی، یونس تەرزی، سەلاح حەسەن تەرزی، جەواد تەرزی، سەلام



حاجی عەبدوڵا تەرزی، فەتاح نادر، بورهان شاکر تەرزی و هیتر.. بێگومان ئەمانە هەموویان کۆچی دواییان کردووە".

سەلام تەرزی بە بەردەوامی بەراوردی نێوان بەرگدروویی ئێستا و رابردووی دەکرد، ئەو وتیشی، "ئەو کات کەپسکردن نەبوو. بۆ نموونە کاتێک پانتۆڵێک یاخود چاکەتێکت بۆ دەهات دەبووا وەکو "قوتی" لەسەر موشتەرییەکە بدووریت. پێشتر ئۆیە و کاری دەستیی هەبوو، هەمیشە کاری دەستی شکلێکی جوانی هەیە، بەڵام لە ئێستادا هەموویان کەپس کردنە و دەتوانیت بە یارمەتی ئوتوویەک بیکەیت".

وەکو ئەوەی لە سەرەتاوە باسمان لێی کرد، سەلام تەرزی حەزی لە قۆریاتە و لەبارەی ئەو حەزەوە بۆ مایکی تەبا وتی و بە چەند قۆریاتێک کۆتایی بە قسەکانی هێنا:
"لەراستیدا قۆریات هیوا و ئاواتی منە. کاتی خۆی عەدنان حاجی ساڵح وەستاکەشم هەر قۆریاتی دەنووسییەوە. دواتر لەگەڵ، حوسام حەسرەت، بورهان یەرالی و کەمال لەتیف پێکەوە دادەنیشتین. هەر یەکێکمان جیناسێکمان دەوت و دواتر هەر لەسەر ئەو قۆریاتمان دەوت، ئەمە هێدی هێدی لەلای من پەرەی سەند. دەمەوێت چەند قۆریاتێکتان پێشکەش بکەم:

**Al Tutum**
**Ağaçta var Al tutum**
**Zeynim böyle kör olup**
**Yürüyendem El Tutum**

**Kör yaradı**
**Sinem kör yaradı**
**Zaman tersine döndü**
**Sağ göze kör yaradı**

# گۆڕانکاری نیمچەیی لە کابینەی سەرۆکوەزیران عەبدولمەهدی ئەنجام دەدرێت

کۆکراوەی هەواڵ: AA

لە خۆپیشاندانەکانی بەغداد و شارەکانی تری ناوەڕاست و خوارووی عێراق کە بۆ داواکردنی باشکردنی خزمەتگوزاری گشتی و ڕەخساندنی هەلی کار و بەگژداچوونەوەی گەندەڵی ئەنجامدرابوو، تیایدا ژمارەیەکی زۆر هاووڵاتی کوژراو و هەزارەها برینداری لێکەوتەوە.

عادل عەبدولمەهدی، سەرۆکوەزیرانی عێراق بۆ ئاساییبوونەوەی دۆخەکە، ژمارەیەک پاکێجی سەبارەت بە داواکارییەکانی خۆپیشاندەران ڕاگەیاند.

لە دوایشدا سەرۆکوەزیران عادل عەبدولمەهدی بۆ ئەنجامدانی گۆڕانکاری وەزاری کابینەکەی داوای لە پەرلەمان کرد دەنگدان لەسەر گۆڕانکاری وەزاری لە کابینەی حکوومەتەکەی ئەنجام بدرێت و گۆڕانکاری نیمچەیی ئەنجام درا.

لە کۆبوونەوەکەی پەرلەماندا دەنگ درا لەسەر پێدانی متمانە بە سوها خەلیل حوسێن بۆ وەزیری پەروەردە کە چەندین مانگە بە وەکالەت بەڕێوەدەبرا.

## گۆڕانکاری نیمچەیی لە حکوومەتی عەبدولمەهدی

هەروەها جەعفەر سادق عەلاوی وەک کاندید دەستنیشانکرا لە شوێنی عەلا عەلوان بۆ وەزیری تەندروستی کە ماوەیەک بەر لە ئێستا نامەی دەستلەکارکێشانەوەی پێشکەش کردبوو، ئەمیر بەیاتلی (تورکمان) بۆ وەزارەتی پەیوەندییەکان لە شوێنی نەعیم روبەیعی، هەنا عەمانوئێل (کریستیان) بۆ وەزیری کۆچ و کۆچبەران لە شوێنی نەوفەل بەها مووسەوی، عەباس جبوری بۆ وەزیری پیشەسازی لەبڕی عەبدوڵڵا جبوری نیشاندران.

## کۆمیسیۆن بۆ لێکۆڵینەوە سەبارەت بە توندوتیژییەکانی خۆپیشاندانەکان دانرا

سەرۆکوەزیران عەبدولمەهدی ڕایگەیاند کە "لیژنەی باڵای لێکۆڵینەوە" دانراوە بۆ ئەنجامدانی لێکۆڵینەوە سەبارەت بە توندوتیژییەکانی دژبە خۆپیشاندەرەکان لە کاتی خۆپیشاندانەکانی دژبە حکوومەتدا و دەستگیرکردنی ئەنجامدەران و دادگاییکردنیان.

بە گوێرەی نوسراوێکی فەرمی ئۆفیسی ڕاگەیاندنی عادل عەبدولمەهدی، سەرۆکوەزیران بڕیاری داوە بە درووستکردنی لیژنەیەکی باڵای لێکۆڵینەوە لەسەر ڕووداوەکانی خۆپیشاندان بۆ گەیشتن بە ئەنجام ورد و پشتڕاستکراو بۆ ڕادەستکردنی ئەو لایەنانە کە بوونەتە هۆی ئاژاوەگێری و ڕادەستکردنیان بە دادگا و سزادانیان.



# هەمووارکردنەوەی خود

خود ئەو چەمکە ئاڵۆزەی کە دەبێت هەمیشە و بەبەردەوامی چاودێری و بەداواداچوونی بۆ بکرێت وە هەموو کات لێکۆڵینەوەی لەسەر بکرێت تاکو بتوانین بیخەینە سەر ڕێچکە ڕاستەکەی وە وای لێبکەین کە بە لاریدا نەڕوات و توشی کێشە نەبێت، چونکە لە ئەگەری لادانی هەر خودێك لەسەر ڕێگای ڕاست و دروست گشت تاکەکانی کۆمەڵگا ڕووبەڕوی کێشە و ناخۆشی دەبنەوە وە دور دەبن لە ڕێگاکانی بەختەوەرەی بۆیە دەبێت هەموو کات موتابەعەی بکرێت، پێشتر باسی ئەوەمان کرد لە بابەتی بنیاتنانی خود و گەشەپێدانی خود کە چاندنی بەهاجوانەکان و قیەمەکان چەندە گرنگن بۆ تاك، بەجۆرێك کە لەسەرەتای پرۆسەی پەروەردەی تاکێك دەبێت حیساب بۆ ئەوە بکرێت کە هەموو بەهاکان جێگایان بکرێتەوە بۆ ئەوەی لەکاتی پێویستدا بەکاربهێنرێت هەر لەم سۆنگەوە ئێستا باس لە چەمکێکی نوێ دەکەم ئەویش بابەتی (هەموارکردنی خود) ـە واتا دوای ئەوەی پرۆسەی پەروەردە دەست پێدەکات وە لە ئاکامی بوونی گشت بنەما پەروەردەییەکان بەڵام تێبینی ئەوە دەکرێت کە زۆربەی جار تاکەکان ڕوبەڕووی هەڵە کردن دەبنەوە وە زۆر جار لە خێزانێکی نمونەیی کەسانێکی لێ دەردەچێت کە بە تەواوی پێچەوانەن لەگەڵ شیرازی پەروەردەکردنی لە خێزان، وە زۆر جار دەبینین کە کەسێك خاوەنی کەسایەتییەکی زۆر بەرز و بەڕێزە بەڵام لەهەمان کاتدا هەڵگری کۆمەڵێك خوی نارێك و پێکە پرسیار لێرەدا ئەوەیە ئایا چی بکرێت لەم حاڵەتەدا یان لەکاتی بونی کێشەیەکی ئەوهادا؟ دەبێت ئێمە یەك شت لە بیر نەکەین هەمیشە ژیان وایە هەرچەندە گرنگیش بە شتەکان بدەین بەڵام بەشی ئەوە هەر کەم وکورتی پەیدا دەبێت کە دواجار بە ڕێگای هەموارکردن واتا پێداچونەوە بەهەڵەکان و هێنان و دانانی شتی باش لە جێگایان هەروەك دەبینین کاتێك دەستوری وڵاتێك دەنوسرێتەوە هەر کات بینرا یان زانرا کە کەم وکورتی تێدایە ئەوا دەست بە هەوڵدان دەکرێت کە دەبێت ئەم دەستورە هەمواربکرێتەوە بۆ ئەوەی زیاتر زامنی مافەکان بێت و کەس زەرەرمەند نەبێت بەهۆی هەڵەکانەوە.

بەدڵنیاییەوە زۆر جار کاتێك مرۆڤەکان باڵەخانەیەك دروست دەکەن کاتی تەواوبوونی هەست بەوە دەکەن کە چەند کەم وکورتییەك هەیە بۆیە بڕیار دەدەن پێش چوونە ناوی و بەکارهێنانی هەمواری بکەن و تعدیلاتی تیادا بکەن بەپێی پێویست وەکو پێویست وە بەدەستی کەسانی شارەزا لە بوارەکەدا وە مەوادی گونجاوی بۆ دادەنێن کە شیاو بێت وە بەکەڵکی ئەوە بێت کە بەکاری بێنن، هەر لە بابەتی هەموارکردن لە ناو کۆمپیوتەرەکەمان کاتێك نوسینێك دەنووسین هەرکات کۆتایی بەکارەکە هات و هەست بکەین پێویستی بە چاککردن هەیە ڕێك دەچین بۆ سەر ئایکۆنی (ئیدیت)کە بەمانای هەموارکردنی کارەکەمان دێت ئەوەی کە زۆر گرنگە لەبابەتی (ئیدیت) ئەوەیە دەبێت سەرەتا ئەو شتە دیاری بکەین واتا تحدید کردن کە دەمانەوێت هەمواری بکەین بۆ نمونە ئەگەر نوسینێکمان کردبێت وە بمانەوێت هەمواری بکەین ئەوا دوای دیاری کردن و قۆناغی سیلیکشن کۆمەڵێك هەڵبژاردەمان بۆ دیتە پێش بۆنمونە ئایا من دەمەوێت جۆری فۆنتەکە بگۆڕم یان قەبارەی فۆنتەکە یان ڕەنگی نوسینەکە یان هەرشتێکی تر لەم بابەتە، ئەوانە هەمووی ڕێگا خۆشکەرن بۆ ئەوەی بزانین و دڵنیا بین کاتێك کەسێك پەروەردە دەکەین یان منداڵێك بە دڵنیاییەوە لە قۆناغێك لە قۆناغەکانی ژیانیدا هەست دەکەین کە پێویستی بە هەموارکردنی هەندێك شت هەیە لە ژیان ئێمە نابێت ڕاستەوخۆ دەست بکەین بە بڕیاری هەموار کردن وە ئاراستەکردنی قسەی ڕەق بۆ ئەو کەسە کە پێی بڵێین تۆ هەڵەت هەیە یان کەم کورتیت هەیە جا ئەو کەسە کەسێکی نزیکمان وەکو خودی ئەندامانی خێزان یان هاوڕێ یەك بێت یان هەر کەسێکی تری ناو کۆمەڵگا بەڵکو دەبێت سەرەتا لێکولینەوی دروست لەسەر بابەتەکە بکەین وە تاقیکردنەوەیەکی پەروەردەیی دەروونی لەسەر خودی کەسەکە بکەین لە ڕێگای بەداواداچوون و پرسیار کردن دوای دیاریکردنی کەم وکورتیەکان دەبێت هەڵسەنگاندی بۆ بکەین بە شێوازێك بزانین.

ئەگەر ئێمە ئەم ڕەفتارەی کەسەکەمان یان گوفتاری کەسەکە کە بە دڵمان نیە چۆن بتوانین یارمەتی بدەین بۆ ئەوەی شتە خراپەکان لاببات وە لە شوێنیان شتی باش دابنێت بە دڵنیاییەوە ئەم پرۆسە زەحمەت و قورسە بەڵام دەبێت ئەوە لە بیر نەکەین ئەوە مرۆڤە کە دەمانەوێت بیگۆرین وە بەرەو باشتری ببەین چونکە کاتێك ڕەخنەی لێدەگرین وە هیچ شتێکی وەکو بەدیل پێشکەش ناکەین بە دڵنیاییەوە توشی کێشەی زیاتری دەکەین هەروەك دەبێت ئامرازی هەموارکردن گونجاو بێت کاتی هەموارکردنەکەش گونجاو بێت لێرەدا ئاماژە بەنمونەیەکی واقعی دەکەم باغەوانەکان کاتی پێش بەهار هەڵدەستن بە پاك کردنەوە ڕەزو باغ لە لق و پۆپی ووشك و زیادە وە بڕینی چەند لقێکی دارەکان مەبەستی سەرەکی زیادکردنی بەرهەم و باشتر کردنی بەروبوومەکانیان بۆیە کاتی بڕینەکە دیاریکراوە وەشێوازەکەی دیاریکراوە وە ئەو کەسەی هەڵدەستێت بە بڕین کەسێکی شارەزایە بە جۆرێك ئەگەر هەڵە لەهەر هەنگاوێکیدا بکرێت کاریگەری نەرێنی دەکاتە سەر بەرهەمەکە وە بە دڵنیاییەوە بەرهەم کەم دەبێتەوە بۆیە دەبێت زۆر بە ووشیاری پرۆسەی هەموارکردنی خود ئەنجام بدەین وە ناکرێت کەسێکی نەشارەزا ئەو بکات بەڵکو دەبێت پسپۆری پەروەردەیی بێت وە باش بزانێت چی پێویستی بە هەموارکردنە وە لە چ قۆناغێکی تەمەنی کەسەکان دەبێت ئەنجام بدرێت چونکە ئەگەر لەکاتی خۆی نەبوو وە بەسەر چوو ئەوکات بە دڵنیایی سوودی نابێت یان ئەگەر هەشی بێت کەم دەبیت وە دەبێت ئەو پرۆسە بە ووردی بکرێت وە حیساب بۆ گشت کاریگەریەکانی بکرێت نمونەیەکی بچوك لەسەر بابەتی هەموارکردنی خود کەسێك ریز لەکەسانی بەرامبەر ناگرێت وە هەمیشە بێ ڕێزی دەکات ئەگەر بمانەوێت ئەم سیفەتەی لە لا دروست بکەین وە بی ڕێزی لە لا دەربێنین دەبێت دیاری بکەین لە کوێی مرۆڤەکان ڕێز بوونی هەیە وە لەچ تەمەنێك بۆی دروست دەبێت وە هۆکارەکانی دروستبوونی چین وە هۆکارەکانی ڕێز نەگرتن چین ئینجا دیاریکردنی تەمەنی کەسەکە بۆ ئەوەی کرداری هەمواری بۆ ئەنجام بدەین وە دیاریکردنی تیۆری زانستی گونجاو بۆ ئەم بابەتی هەموارکردنە، بە دڵنیایی ڕێژەیەکی زۆری خەڵك پێوستی بە هەموارکردنەوەیە بۆ ئەوەی بۆ جاری دووەم ئامادەبکرێتەوە بۆ ژیانێکی جوانترو باشتر لەناو کۆمەڵکا هەموارکردنەوەی سیفەتەکانمان عەیبە نیە بەڵکو مانەوە لەسەر سیفەتی ناشرین و نارێك وپێك هەڵەیەکی گەورەو عەیبەیەکی گەورەیە بۆیە دەبێت ڕۆژانە پرۆسەی بەخوداچونەوە جێبەجی بکەین و هەموو ئەو شتانە دیاری بکەین کە پێویستیان بە هەموارکردنەوەیە وە داوا لە پسپۆرانی پەروەردەیی دەروونی بکەین کە شێوازی هەمواردنەوەمان بۆ بکەن.

د.ئەحمەد سەیدە



ahmedsaydok@yahoo.com

# کلدۆ رەمزی هورمز: مێژووی عەنکاوە بۆ ٣٥٠٠ ساڵ بەر لە زایین دەگەڕێتەوە

فۆتۆ: عبدولسەلام هیشام / هەواڵ: عەلی عەنتەر

زۆرێک لە ئێمە ئاشنایە بە شارۆچکەی عەنکاوە کە دەکەوێتە بەشی باکووری شاری هەولێر(ئەربیل) و تەنها ٥ کیلۆمەتر لە چەقی ئەو شارەوە دوورە کە قەڵای دێرینی هەولێر(ئەربیل)ە.

ئەو شارۆچکەیە یاخود کەرتە بە ناوەندی یاخود نیشتینگەی کریستیانەکان یاخود مەسیحییەکان دادەندرێت کە بەشێکن لە پێکهاتە رەسەنەکانی عێراق.

هەروەها مەسیحییەکان لە زۆرێک لە ناوچەکانی دیکەی عێراقیش دەژین لەوانەش عەنکاوە، مووسڵ، کەرکوک، شەقڵاوە، بەغداد و زۆر ناوچەی دیکە.

کلدۆ رەمزی هورمز، بەڕێوەبەری مۆزەخانەی کەلەپووری سریانی لە چاوپێکەوتنێکدا لەگەڵ هەفتەنامە و پۆرتاڵی تەبا باس لە مێژووی دروست بوونی عەنکاوە دەکات و دەڵێت، "مێژووی دروست بوونی عەنکاوە دەگەڕێتەوە بۆ ٣ هەزار و ٥٠٠ ساڵ پێش زایین. بێگومان ئەم مێژووە دوای لێکۆڵینەوەکان کە بۆ یەکەمجار لە ساڵی ١٩٤٥ لە گردی قەسرا ئەنجام درا، دەرکەوت کە مێژووەکەی دەگەڕێتەوە بۆ ٣ هەزار و ٥٠٠ ساڵ پێش زایینی. ئەو گردە لە کاتی لێکۆڵینەوەکاندا دەرکەوت کە ٤ بەشە لەسەر یەک، کۆنترینییان دەگەڕێتەوە سەردەمی ئاشوورییەکان. بۆیە دەڵێین عەنکاوە بە هەزاران ساڵ پێش زایینیش هەبووە".

کلدۆ رەمزی زیاتر وتیشی، "ئێمە ئەگەر بمانەوێت قسە لەسەر مێژووی عەنکاوە بکەین، دەبێت بە مێژووی قەڵای هەولێر یان ئەربائیلۆ ببەستینەوە. ئەم دوو شوێنە پەیوەندییەکی مێژوویی بەهێز هەبووە لە نێوانیاندا. ئەم شوێنە قەڵایەک بوو کە بۆ بەرگری لە قەڵای هەولێر و شاری ئەربائیلۆ بەکار هاتووە. ئەگەر سەیری سەرچاوە مێژووییەکانیش بکەین دەبینین کە ٧ شوێن یاخود خاڵی بەرگری هەبووە لە دەورووبەری قەڵای هەولێر".

بەڕێوەبەری مۆزەخانەی کەلەپووری سریانی لەبارەی ناوی عەنکاوەوە زانیاری پێداین و وتی، "ئەسڵی وشەکە بریتییە لە عەمکە. بەشێک لە سەرچاوە مێژووییەکانیش ئاماژە بەوە دەکەن کە ناوەکە لە عەمکۆ وەرگیراوە. ئەو کاتی کە مەرکەزی ئیمپراتۆرییەتی ئاشووری بوو بە عەنکاوە دەوترا عەمکە. ئەگەر سەیری قەڵای هەولێر بکەین دەرگایەکی هەیە ناوی دەرگای ئەحمەدییەیە. ئەو ناوە لە ساڵی ١٩٢٠ەکان داندراوە و مێژووەکەی زۆر کۆن نییە. بەڵام ئەگەر بگەڕێینەوە پێشووتر ئەم دەرگایە ناوی دەرگای عەمکە بوو چونکە ئەگەر ئێستاش سەیری ئەم دەرگایە بکەیت دەبینی کە رێک سەیری عەنکاوە واتە عەمکەی کۆن دەکات. هەروەها عەمکە واتای دەرگای خەڵک دەدات. عەمکا لە وشەی عەمە وەرگیراوە کە لە زمانی سریانیدا بە واتای خەڵک دێت. پەیوەندییەکی باش هەیە لە نێوان عەنکاوە و ئەربەئیلۆ لە رووی مێژووییەوە. بۆیە ناکرێت باسی عەنکاوە بکەین و باسی ئەربائیلۆ نەکەین".

لەبارەی وجودی دروست بوونی مەسیحییەت لە عەنکاوە، هورمز وتی، " ئێمە باس لەوە دەکەین کە مێژووی عەنکاوە دەگەڕێتەوە پێش زایین، بەڵام مەسیحیەت دوای زاین دروست بووە. بەپێی سەرچاوە مێژووییەکان مەسیحییەت لە عەنکاوەوە دەستی پێکرد و لە رۆژهەڵات بڵاو بوویەوە. مەبەستمان ئەوەیە لە ناوچەی رۆژهەڵات بۆ یەکەمجار لە عەنکاوە دەستی پێکرد نەک سەرەتای ئایینەکە. مەسیحییەت لە ناوەندی سەدەی یەکەمی زایینی لێرەدا دەستی پێکردووە و بڵاوبووەتەوە لەم ناوچەیە".



کلدۆ رەمزی هورمز، بەڕێوەبەری مۆزەخانەی کەلەپووری سریانی ئاماژەی بەوەدا کە خەڵکی ئەو ناوچەیە بە ئاسانی ئایینی مەسیحییەتیان قبوڵ کرد و وتی، "هۆکاری ئەوەی کە خەڵکی میزۆپۆتامیا بە ئاسانی مەسیحییەتیان قبوڵ کرد چونکە ئەوان پێش مەسیحییەتیش باوەڕیان بە یەک خودا هەبووە. هەر چەندە ئەوان پێیان



وابوو چوار خوداوەند هەیە، بەڵام لە هەمان کاتدا باوەڕیان بەوە هەبووە کە ئەو چوار خوداوەندە خودایەکیان هەیە و دروستکەری هەموویانە. لەبەر ئەم هۆیەوە قبوڵ کردنی مەسیحییەت و یەک خودا پەرستی زۆر ئاسان بوو لەلای خەڵکی میزۆپۆتامیا. مارتۆما کە یەکێک بوو لە رەسولەکانی حەزرەتی مەسیح لێرە تێپەڕیوە بۆ ئەوەی بچێتە هیندستان، کاتێک گەیشتۆتە ئەو ناوچەیە هەموویانی کردووە بە مەسیحی. بەپێی مێژوو کۆنترین کڵێسا لەناو عەنکاوە کڵێسای مار گۆرگیسە. مێژووەکەی دەگەڕێتەوە ساڵی ٤٠٠ی زایینی. لەو کڵێسایەدا دوو بەردمان دۆزیوەتەوە، لەسەر بەردێکیان نووسراوە کە لە ساڵی ٨١٦ ئەو باڵەخانەیەی کڵێسا دووبارە دروست کراوەتەوە. ئەوەش دەلالەتێکە لەسەر کۆنبوونی مێژووی ئەو کڵێسایە".

هاوکات رەمزی لە باسی بەشێکی دیکەی عەنکاوە دەڵێت، "ئەگەر دوو کیلۆمەتر بەرەو لای رێگەی دهۆک بڕۆین پێی دەڵێین مەرعۆدە. مەرعۆدیشۆ، شوێنێکی زۆر کۆنە کە مێژووەکەی دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی ٢٠٠ی زایینی. ئێمە باس لە سەردەمێک دەکەین کە دوای نیوەی یەکەمی سەدەی یەکەمی زایینییە و مەسیحییەت لەو کاتەدا لەم ناوچەیەدا بڵاو بووەتەوە کە پێی دەڵێن ئەربل. هەروەها پێی دەڵێن حەدیاب، واتە لە نێوان زاب و دەشتی نەینەوا هەمووی حەدیابە و پایەتەختی ئەربل بوو".

کلدۆ رەمزی هورمز ئاماژە بەوە دەدات کە شاری هەولێر(ئەربیل) شارێکی مەسیحی بوو و دەشڵێت، "تا ساڵی ١٣١٠ کە قەڵای هەولێر گەمارۆ درا و هێدی هێدی مەسیحییەت نەما. قەڵای ئەربل کڵێسای تێدابوو کە ئێستا بووەتە مزگەوت و هەروەها چەندین شوێنی دیکەی مەسیحییەتی تێدابوو بەڵام هەموویان لەناو چوون. دوای ئەو رووداوانە و لاوازبوونی مەسیحییەت، هەموو ئەو خەڵکە مەسیحییانە لە ناوچەی عەنکاوە کۆکرانەوە. کەرەستەی دروست کردنی عەنکاوە بریتی بوو لە خۆڵ و قوڕ بۆیە ئەوەش لە مێژووی ئێمەدا شوێنێکی تایبەتی خۆی هەیە. خانووەکانمان هەمووی قوڕ بوون و سەربانەکانیان هەموو بەیەکەوە بەسترابووەوە. واتە ئەگەر لە گەڕەکێک بچووبایتە سەربانی ماڵێک تا کۆتایی گەڕەکەکە یەک پارچە بوو. یەکەم شەقامیش لە عەنکاوە لە ساڵی ١٩٦٠ دروست کرا کە بە تەنیشت گردی قەسرا تێپەڕ دەبوو".

بەڕیوەبەری مۆزەخانەی سریانی زانیاری زیاترمان پێدەدات دەربارەی گردی قەسرا کە دەکەوێتە ناوەندی عەنکاوە و بەرامبەر مۆزەخانەکەیان و دەڵێت، "لە ساڵی ١٩٤٥ لێکۆڵینەوەیەک لەسەر ئەو گردە ئەنجام درا کە دەرکەوت ئەو شوێنە شوێنەوارێکی مێژوویی کۆنە و لە زانکۆی سەلاحەددین لە بەشی مێژوو چەندین توێژینەوەی لەسەر ئەنجام درا. هەر شوێنێک مێژوویی بێت مولکی گشتییە. ئەو گردە چوار بەشە کە مێژووەکەی دەگەڕێتەوە سەردەمی ئاشووری کۆن، سەردەمی ئاشووری نوێ و تا دەگاتە سەردەمی فارس. ناوی قەسرا مانای ئەوە نییە کە ئەو گردە قەسر بووبێت. ئەو ناوە بە پێی ریوایەتێک لە کیسەر-ەوە هاتووە. لە زمانی ئاشووری کیسەر روتبەیەکی سەربازییە. ئەو کەسەی کە ئەو روتبەیەی هەبووە لەو

شوێنە بووە. چونکە ئەو گردە شوێنێک بوو بۆ بەرگری کردن لە قەڵای هەولێر بەکار دەهێندرا. کاتێک لە نەینەوا هێرش دەکرایە سەر مەلیک سەنحاریب، ئەوا مەلیک لە نەینەوا دەهاتە قەڵای هەولێر. هەروەها هێنانی ئاو لە بەستۆڕەوە بۆ قەڵای هەولێر ئەویش یەکێک بوو لە کارەکانی سەنحاریب کە کارێزەکەی لە دیواری عەنکاوەوە هاتبوو".

کلدۆ رەمزی هورمز، بەڕێوەبەری مۆزەخانەی کەلەپووری سریانی باسی لەوە کرد کە ئەوان کۆمەڵێک بەڵگە و نووسراوی مێژووییان هەیە لە مۆزەخانەکانیاندا و پێی وایە کە خەڵکی عەنکاوە کە مەسیحیین زۆر خزمەتی کەلتووری عێراق و هەرێمی کوردستانی عێراقیان کردووە و زۆربەی کارە هونەرییەکان لە کڵێساوە سەرچاوەی گرتووە. بۆ نموونە کۆمەڵێک گۆرانی عەرەبی هەن لە مەیحانە مەیحانەوە تا ئەوانی دیکە کە بە گۆرانی "تراث العراق" ناودەبرێن هەر هەمووی میوزیکەکانیان لە کڵێساوە سەرچاوەی گرتووە. هەروەها زمانی مەسیحییەکان کە قسەی پێدەکەن لە ٢٢ پیت پێکهاتووە و پێش زایین داندراوە و مێژووەکەی دەگەڕێتەوە پێش زایین و دووەم کۆنترین زمانە لە جیهان کە تا ئێستا قسەی پێبکرێت. ئەویش زمانی سریانییە.

هورمز بەگەڕانەوە بۆ مێژوو باس لە پەیوەندییەکانی نێوان مەسیحی و مسوڵمانان دەکات و پێی وایە کە وا باشترە کە فۆکس بخەنە سەر رووداوە ئەرێنییەکان چونکە لە ئێستادا ئەوە زۆر پێویستە و ژمارەی رووداوە نەرێنییەکان کەمترن بەبەراورد لە شتە باشەکان و زیاتر دەڵێت:

"هەموو سەردەمێک رووداوی ئەرێنی و نەرێنی روویداوە. بەڵام رووداوە ئەرێنییەکانی نێوان موسیحی و مسووڵمانان زیاترە لە رووداوە نەرێنییەکان. چەندین خانەوادەی بەناوبانگی هەولێر کە مسوڵمان بوونە و بەرگرییان لە مەسیحییەکانی عەنکاوە کردووە لە کاتێکدا کە عەنکاوە مەترسی لەسەر بووە. ئەو خانەوادانەی کە هاوکاریی مەسیحییەکان بوونە خانەوادەی موفتی و عەشیرەتی گەردی بووینە بە گشتی. ئەوان هەموو کات مەسیحییەکانی عەنکاوەیان پاراستووە لە مەترسییەکان. ئێمە ناتوانین چاکەی ئەوان لە بیر بکەین. ئێمە تەنها شتە باشەکان باس دەکەین چونکە پێویستمان بە باشەیە. لە راستیدا شتی خراپ کەمتر بووە لە شتی باش".

هاوکات هورمز جەختی لەوە کردەوە کە خەڵکی عەنکاوە زۆربەیان خەریکی کشتوکاڵ بوونە و ئەوەشی راگەیاند کە ئەوان شەرم ناکەن کە بابوباپیرانیان جووتیار بوونە و بە پێچەوانەوە شانازی با بابوباپیرانی خۆیان دەکەن کە خاوەنی عەنکاوە و ناوچەکانی دەوروبەری عەنکاوە بوونە رووبەرێکی فراوانی ئەو شارە زەوی کشتووکاڵی ئەوان بووە. هەروەها لە رێگەی کشتووکاڵەوە بەرهەمەکانیان بۆ هەموو عێراق ناردووە و ئێستا زەوییەکانیان وەبەرهێنانی لەسەر دەکرێت و چاوەڕێی قەرەبووی زەوییەکان دەکەن لە ئێستادا و دەشڵێت:

"مەسیحییەکانی شارەکانی دیکەش زۆر خزمەتی عێراقیان کردووە و هەموویان خەریکی کار بوونە وە کارەکانیان بە رێکی ئەنجام داوە. زۆربەیان جووتیار بوونە و بەرهەمەکانیان لە سەرتاسەری عێراق فرۆشراوە. هەروەها عەنکاوە لە دروستکردنی حەسیر و جاجمیش بەناوبانگ بوو".

لە باسی مۆزەخانەکەشیاندا کلدۆ هورمز رایگەیاند، "مۆزەخانەکەمان سەر بە بەڕێوەبەرایەتی رۆشەنبیری و کەلتووری کلدانی، سریانی و ئاشوورییە. ئەویش سەر بە وەزارەتی رۆشەنبیری و لاوانی حکوومەتی هەرێمی کوردستانی عێراقە. مۆزەخانەکە لە ساڵی ٢٠١١دا دروست کراوە و لە ٢ هۆڵی سەرەکی پێکدێت. کەلوپەلەکانی هۆڵی یەکەم بریتییە لە جلوبەرگی مەسیحییەکانی ناوچە جیاوازەکانی عێراق و کەلوپەلی ناوماڵ. هەروەها بەشێکی دیکەش تایبەتە بە ئەرشیف و دیکۆمێنتاری تایبەت بە مەسیحییەکان".

لە کۆتایی قسەکانیدا بەڕێوەبەری مۆزەخانەی کەلەپووری سریانی وتی، "دەمەوێت لە کۆتاییدا باس لە شتێک بکەم، مەسیحییەکان بەر لەوەی خۆیان قوتابخانەیان هەبێت مامۆستایان بەرهەم هێناوە و ناردوویانەتە زۆربەی قوتابخانەکانی هەولێر. ئەگەر سەیری مێژوو بکەن، ئێمە لە ساڵی ١٩٢١ قوتابخانەی مەسیحیمان بۆ کرایەوە بەڵام پێش ئەو بەروارەش ئێمە زۆرترین مامۆستامان هەبوو کە لە هەولێر و دەوروبەری و تا بارزان کە دوایین سنووری ئەو شارەیە مامۆستامان ناردووە. ئەوەش هۆکارەکەی بریتییە لەوەی کە کڵێساکانمان زۆر پشتگیری زانستیان دەکرد. کەسە کۆنەکانی هەولێریش دەزانن کە هەموو قوتابخانەیەک مامۆستای مەسیحی تێدابووە. ئێمە زۆر خزمەتی ئەم وڵاتەمان کردووە".

# ئەو ئاژەڵانەی کە ڕەچەڵەکیان لەناوچووە

ناوەندی هەواڵ

ناوی ئەو ئاژەڵانەمان بۆ کۆکردونەتەوە کە بە هۆی تێکچونی شوێنی ژیانیان و ڕاوکردنی هەڵە و نایاسایی ڕەچەڵەکیان لەناوچوونە.


## ١. پڵنگی جافا



بە هۆی ڕاوکردنی نایاسایی و نالەباری شوێنی ژیانیان لە ساڵی ١٩٩٣ەوە ڕەچەڵەکی ئەو ئاژەڵە لەناوچووە.

## ٢. سەگی دەریای کاریبی

سەردەمانێک لە دورگەکانی کاریبی دەژیان. ئەو جۆرە سەگە دەریاییە ڕەچەڵەکەکەی لە ساڵی ٢٠٠٨ بە تەواوی لەناوچوون.



## ٣. باڵندەی دۆدۆ

ئەو باڵندە کەمەرەییەی کە لە دورگەی ماوریتیۆس دەژیان لە سەدەی ١٧دا دواین نەوەکانی لەناوچوون.




## ٤. ماموتی توکن

ڕەچەڵەکەکانی ماموتی توکن کە لە ئێستادا لەناوچوونە ٤٠٠٠ هەزار ساڵ پێش ئێستا لە ناوچەکانی جەمسەری ئاسیا و باکووری ئەمریکا ژیاون.



## ٥. زێبرای کواگا

ئەو جۆرە زێبرایە بەهۆی ڕاوکردنییان بەمەبەستی بەکارهێنانی پێست و فەروەکانیان لە سەدەی ١٩دا لەناوچوون.



## ٦. بۆقی ئاڵتونی

ئاماژە بەوەدەکرێت کە کۆتا ڕەچەڵەکی بۆقی ئاڵتونی لە کۆستەریکا ساڵی ١٩٣٩ مردووە.




## ٧. باڵندەی باکووری ڕۆژهەڵاتی دورگەکانی کەناریا

ئەو باڵندانەی کە لە دورگەکانی کەناریا دەژیان کۆتا ڕەچەڵەکیان لە ساڵی ١٩٩٤ لەناوچوو.



## ٨. باڵندەی دارکونکەرەی دەنوک فیل

یەکێک لە گەورەترین جۆرەکانی باڵندەی دارکونکەرە، باڵندەی دەنوک فیلی دارکونکەرەیە کە کۆتا ڕەچەڵەکی ئەم باڵندەیە لە ساڵی ١٩٩٤ لەناوچوون.



## ٩. باڵندەی مۆوا

وا زاندراوە ڕەچەڵەکی ئەم باڵندەیە ٧٠٠ ساڵ پێش ئێستا کە لە نیوزلەندا دەژیان، بە هۆی ڕاوکردن و بچوکبونەوەی شوێنی ژیانیان هەمویان لەناوچوون.



## ١٠. ئاسکی ئێرلەندی

ئەوەی زاندراوە تا ئێستا گەورەترین جۆری ئاسکە کە هەبووە، کۆتا ڕەچەڵەکی ئاسکی ئێرلەندی ٧٧٠٠ ساڵ پێش ئێستا لەناوچوون.



**ئەمانەی خوارەوەش بەشێکی ترن لەو ئاژەڵ و باڵندانەی کە ڕەچەڵەکیان لە ناو چووە؛**

**کیسەڵی دورگەی پینتا**

لە پینتادا کە یەکێکە لە زنجیرە دورگەکانی گەلاپاکۆس کۆتا کیسەڵی دورگەی پینتا لە تەمەنی ١٠٠ ساڵیدا لە ٢٠١٢ مردووە.

**کەرکەدەنی ڕەشی ڕۆژئاوا**

بە هۆی ڕاوکردنی نایاسایی کۆتا ڕەچەڵەکەکانی لە ساڵی ٢٠١١ لەناوچوون.

**بزنی چیایی پێرینا**

ئاماژە بەوەدەکرێت کە کۆتا بزنی چیای پێرینا لە ساڵی ٢٠٠٠دا مردووە.

**نەورەسی گەورەی ئاوی**

ڕەچەڵەکیان لە کۆتایی سەدەی ١٩ لەناوچووە.

**ورچی خۆڵەمێشی مەکسیکی**

ڕەچەڵەکی ورچی خۆڵەمێشی مەکسیکی لە ساڵی ١٩٦٤ لەناوچوون.

**پڵنگی تازمانیا**

وەکو ئەوەی دەزانرێت کە کۆتا پڵنگی تازمانیا لە ساڵی ١٩٣٦ مردووە.

**چێڵی دەریای ستیلێر**

لە نزیک جەمسەری باکوور لە دەریای بیرینگ چێلی دەریای ستیلێر دەژیا کۆتا ڕەچەڵەکی ئەم ئاژەڵە ئاوییە لە ساڵی ١٧٦٨ لەناوچووە.

**باڵندەی پۆولی**

ئەو جۆرە باڵندەیەی کە لە هاوای دەژیا کۆتا ڕەچەڵەکی لە ساڵی ٢٠٠٤ لەناوچوو.

**کۆتری کۆچەری**

بەهۆی ڕاوکردنی زۆر و نایاسایی ڕەچەڵەکەکانی ئەم کۆترە کۆچبەریانە لە ساڵی ١٩٠٤ لەناوچوون.

ناونیشان: شەقامی ٣٠م/ بەرامبەر هوتێلی نیودەوڵەتی هەولێر
بۆ پەیوەندی: ١١ ١٠ ٢٦١ ٠٧٥٠
٠٧٧٣ ٣٤٣ ١٠ ١١
وردەکاری لە نووسین: محەمەد عەبدولجەبار
دیزاین: چۆبان تیمور & عەلی سالم
خاوەنی ئیمتیاز: تەبا
سەرنووسەر: محەمەد فەرید ئەربیل ئوغلۆ

تێبینی بابەتەکانی گۆشەی بیروڕای هەفتەنامەی تەبا، گوزارشت لە بیروڕای خودی نووسەر دەکات